دەروازەی ڕۆژنامەنووسی

ڕەزا حاجی ئابادی

# دەروازەی ڕۆژنامەنووسی

وەرگێڕانی

**کارزان محەمەد**

سلێمانی- ٢٠٠٥

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە ( ٦٤ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

**دەروازەی رۆژنامە نووسی**

نووسینی: رەزا حاجی ئابادی
وەرگێڕانی : کارزان محەمەد
بابەت: رۆژنامەنووسی
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
ژمارەی سپاردن : ١١٩ ی ٢٠٠٥

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www.sardam.info

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| ٭ وتەیەکی پێویست | ٧ |
| ٭پاری یەکەم: پرۆسەی پەیوەندی | ١١ |
| ٭ پاری دووەم: هەواڵ: چەمكو ژانرو بەهاكانی | ٢٣ |
| ٭ پاری سێیەم: میتۆدەکانی هەواڵنوسین | ٣٥ |
| ٭ پاری چوارەم: فلتەرەکانی هەواڵ لە خۆرئاوا | ٤٥ |
| ٭ پاری پێنجەم: ڕاپۆرت | ٥٥ |
| ٭ پاری شەشەم: مانشێت | ٦٩ |
| ٭ پاری حەوتەم: هەڤپەیڤین | ٧٥ |
| ٭پاری هەشتەم: وتار | ٨٥ |

## وتەیەکی پێویست

هەر هەوڵێك بۆ هاتنەناو بواری ڕۆژنامەنووسیو پاشان پەرەدان بەتوانستە ڕۆژنامەنووسییەکان، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئاشنابوون بەمیتۆدو ڕێسا بنچینەییەکانی ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکان، هەوڵێکی ناواقیعیانەیەو ئەو پرۆسەی رۆژنامەوانییە بەشێوە زانستییەکەی؛ دەچێتەخانەی مەحاڵەوە.

هەرچەندە چەندین ڕێبازی زانستی رۆژنامەوانی هەن‌و تائێستاش پەیرەودەکرێن، بەڵام سەرەرای ئەوەی کورد مێژوویەکی رۆژنامەوانی پتر لە (١٠٠)ساڵەی هەیەو خاوەنی خەرمانێکی مەزنی کاری رۆژنامەوانین، بەڵام هێشتا پەیرەویکردنی ئەو ڕێبازە زانستییانە لەسەرەتادایەو ئەو رۆژنامەنووسە لێهاتووانەی لەبوارەکەشدان، پتر لەڕێگەی کاری مەیدانیو قاڵبوونەوە لەبوارەکەوە کارەکانیان رایی دەکەن. بەڵام هەنوکە لەکاتێکدا کە هەژموونی جیهانگیریو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سنوری وڵاتانی

بەزانـدووەو جیهـانی کردۆتـەماڵێـك، نـاکرێ تـەنها لەڕێگـەی ڤاڵبوونـەوە لەبوارەکـەدا، ئاشـنای بـواری ڕۆژنامەنووسـی بـبین، بەڵکـە وێـڕای چاودێریکردنی ئـەزموونی ڕۆژنامـەوانی وڵاتـانیتر، لایـەنی کـەم پێویسـتمان بـە ڕاڤـەکردنی میتـۆدە زانسـتییەکانی دنیـای ڕۆژنامەگـەری هەیـەو وەرگێڕانـی ئـەم نامیلکەیەی (ڕەزای حاجی ئابادی)ش هەر دەکەوێتە ئەو خانەیەوە.

(ڕەزای حاجی ئابادی)ی نوسەری ئەم نامیلکەیە، یەکێکە لە پسپۆڕەکانی بواری تیۆری ڕۆژنامەنوسی لەئێرانداو سەرجەم ئەو ژانرە ڕۆژنامەوانیانەی کە لێرەدا خستوویەتەڕوو، بریتییە لەو دەرسگوتارانەی کە لەزانکۆکانی ئێراندا پێشکەشی کردووە.

دواخاڵ کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە بەپێی پێویست، بەرگێکی کوردانەم کردووە بەبەر ئـەو ڕسـتەو پەرەگرافانـەی کـە نوسـەر بەنمونـە هێناویەتـەوە، ئەگەرچـی (٣) نمونەشـیان خـودی نوسەر تیایدا باسی کورد دەکات.

بـەهیوام وەرگێڕانـی ئـەم نامیلکەیـە، کردنـەوەی دەروازەیـەکی گچـکە بێـت بـەڕووی تیـۆری زانسـتی

رەزا حاجی ئابادی

ڕۆژنامەوانیداو سوپاسی بێپایانیشم بۆ هاوپۆلو مامۆستاکانم لەماوەی (٤)ساڵ خوێندن لەبەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانیو برایانم (کاوە محەمەدو شازاد ئەنوەرو یاسین قادر بەرزنجی) کە لەسەرەتای کاری ڕۆژنامەوانیدا، دەستیانگرتمو بۆ هەمیشە؛ قەرزارباریان کردم.

**وەرگێڕی کوردی**

## پاری یەکەم:

## پرۆسەی پەیوەندی

وابێنەبەرچـــاو ســـــپێدەیەك لەماڵــــەوە دەچـیتەدەرەوە، هـیچ ئـامرازێکی پەیوەنـدیت نییـە، دەنگـی هاوڕێکانــت نابیسـتیت، رادیـۆو تەلـەفزیۆن بەرنامەیان نییە. هیچ رۆژنامەیەك چاپ نـەکرابێت. هێـزی قسـەکردنت لـێ وەرگیردراوەتـەوە، تەنانـەت توانای نوسینیشت نەبێت...و پێتوایە ئـەمرۆ دەکرێ کۆتـــایی پێبێـــت. وێنـــای نـــەبوونی ئامرازەکـــانی پەیوەنـدی بـەلای هەرمرۆڤێکـەوە ترسـناکەو هـەمان مەسەلە، گرنگی ئەم ئامرازانە دەردەخات.

ئێسـتا کـە زانیـت کـە ئێمـە نـەك وەك هـەواڵنێر، تەنانـەت وەك کەسـێکی کۆمـەڵگای مرۆیـی، ناچـارین زانیارییـــەکی کورتمــــان دەربــــارەی میــــدیاکانو ئامرازەکانی پەیوەندی هەبێت، پێکەوە بەشـێوەیەکی پوخت لەگەڵ ئەم چەمکانەدا ئاشنا دەبین.

## چەمکی پەیوەندی

هەر کارێکی پەیوەندی کە ئێمە دەیبینین، وەك گفتوگۆ سێ بەش دەگرێتەوە کە ئەم سێ بەشەش بریتین لە:

**١-پەیوەندی**

**٢-میدیا**

**٣- زانیاری**

لەڕاستیدا هەرکاتێك پەیوەندی بەرقەرار دەبێت، ئەم سێ ڕەگەزە خۆیان نیشان دەدەن و کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێن.

لەبەرقەرارکردنی پەیوەندی، گەیاندن ڕەهەندی هۆشیاری مەسەلەکەو بڵاوکردنەوەش ئامرازی ئاڵوگۆڕی زانیارییە.

بەمانایەکی سادەتر، زانیارییەکان دەتوانرێ بەوزەیەك بچوێندرێ بۆ دروستکردنی کارو یا دراو لەسیستەمی ئابوریدا. بەهەمانشێوەی کە بەبێ وزە کار ناکرێتو بەبێ دراو، سیستەمی ئابوری نابزوێت، ئەوا بەبێ زانیاریش پەیوەندی بەرقەرار ناکرێت.

## زانیاری:

ڕێژەی زانیارییەکانی هەرتاکەکەسێك، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەڕێژەی ئازادی، بوونی ناسنامەو هەروەها هێزی ئەوەوە هەیە.

بەمانایەکیتر، هەتا ئاستی زانیارییەکانی کەسێك -لەبارەی هەر هەربابەتو مەسەلەیەکەوە- زۆر ببێت، ڕێژەی ئازادیی ئەویش زیاد دەبێت. هەرکەسو سیستەمێك کە زانیارییەکانی کەموکورت بێت، هێزێکی کەمیشی دەبێت. بەمانایەکی سادەتر تۆ ئەگەر دەربارەی دوژمنەکانی خۆتان زانیارییەکی وردو زۆرت نەبێت، بەدڵنیاییەوە لەوان لاوازتر دەبێت. هەربۆیەشە کە بەشێوەیەکی گشتی لەڕژێمە حکومڕانییە جۆربەجۆرەکاندا، بەشی زانیارییەکان یەکێکە لەبەهێزترینو مەزنترین بەشەکانی.

## جۆرەکانی میدیاکان

بەهەمانشێوەی کە پێشتر وتمان بەرلەدەستپێکردنی کاری وانەوتنەوەی هونەرو ڕێبازەکانی هەواڵنێری، دەبێ بە پێناسو ئامرازەکانی میدیاکان ئاشنا ببین.

تۆ بە پەیوەندیو زانیاری ئاشنا بوویتو زانیت کە میدیا دەبێتە ئامڕازی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانی نێوان کەسەکان. ئێستاش دەمانەوێت بەشێوەیەکی سادەو پوخت بە چەندین میدیا کە زۆرینەیان تۆش سەروکارت هەیە لەگەڵیاندا؛ ئاشنا بکەین.

***کتێب:**

بەدڵنیاییەوە دەزانیت کە یەکەمین دەزگای چاپ لەساڵی (١٤٣٦)ی زایینیدا، لەلایەن گۆتەنبێرگەوە دروست کراوە.

لەگەڵ دروستبوونی دەزگای چاپدا، دنیای میدیای کتێب چووە قۆناغێکی نوێوە. بەرلەمە، ژمارەی ئەو کتێبانەی کە بەشێوەی دەستنوس لەکۆمەڵگا مرۆییەکاندا هەبوو، زۆر کەم بوو و ئەم ژمارە کەمەش، تەنها لەبەردەست چینێکی تایبەتدا بوو. بەڵام دوای داهێنانی دەزگای چاپ، تیراژی کتێبەکان بەبەراورد لەگەڵ پێشتردا، زۆر زیادیکردو هەروەها تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا مرۆییەکان؛ توانیان دەستەبەری بکەن.

کتێــــب لـــــەڕابردووە دوورەکانـــــدا، ڕۆڵـــــی سەرچاوەیەکی زانیـاریو فێرکـاری نایـابی بـۆ مـرۆڤ هەبووە.

لەگرنگی کتێبدا، ئەو خاڵە بەسە کە پەیامبەرانی خودا بۆ دوو گروپی خاوەن کتێبو بێکتێب دابـەش دەکـــەن، و دەربـــارەی مـــوعجیزەی پەیامبـــەری ئیسـلامیش هـیچ شـتێك نـاڵێین لەبەرئـەوەی کـە هەمووتان ئەم موعجیزە خوداییە دەناسن.

هەنوکـە کتێـب لەڕوانگـەی زانیارییـەوە زۆر زوو کۆن دەبێت، بۆ نمونە کاتێـك تـۆ دەنۆڕیتـە کتێبێکی زانسـتی (٢٠)سـاڵ لەمـەوپێش، دەبینیـت کـە هەنـدێ لەزانیارییـە زانسـتییەکانی کتێبـەکان، کـەموکورتىو تەنانەت بەگاڵتەجاڕیش دێنەبەرچاو.

سـودوەرگرتن لـەکتێب، پێویسـتی بـە هـەبوونی خوێنـدەواری، داهـات، کـاتو ئاشـنابوون بـەو کلتـورە هەیـە. هـەروەها گرانـی، بـوونی میـدیاکانیتری وەك تەلـــەفزیۆنو نـــەبوونی کلتـــوری کتێبخوێندنـــەوە دەبێتەمایـــەی ئەوەیکـــە مـــرۆڤ کـــەمتر ســـودی لێببینێت.

دواخـاڵ ئەوەیـە کـە لەبەرئـەوەی بەشـێوەیەکی گشـتی، کتێـب لەخـەڵوەتو تـەنیایی دا دەخوێندرێتـەوە، لەئەنجامـدا خوێنەرەکـەی خـۆی بەشێوەیەکی قـوڵ دەخاتـەژێر کاریگەرییـەوە تـا ئـەو شـوێنەی کـە چـەندین مـانگ دوای خوێندنـەوەی، وشەکان لەبیرتدا ماون.

## *چاپەمەنی

چـاپەمەنی (هـەمان ڕۆژنامـەو مانگنامـەکانن)، لەڕاستیدا ئـەو کتێبانـەن کـە زوو زوو بڵاودەبنـەوەو بوون بە ڕۆژنامەنووسی.

یەکـەمین بڵاوکـراوە کـە بەشـێوازی ئـەمڕۆ چـاپ کـرا، نـاوی (گـازەت) بـوو کـە نزیکـەی (٣٧٠)[١] سـاڵ لەمـەوپێش (واتـا١٦٣١ی زایینـی) لەئـەوروپا بڵاوکرایەوە. نزیکەی دووسەد ساڵ دواتر واتا لەساڵی (١٧٥٩)دا، یەکـەمین ڕۆژنامـەی فارسـیزمان بـەناوی

---

[١] = مەبەست لەکاتی نوسینی ئەم پەرتوکەیە.

(**کاغذ** اخبـــار) بەسەرپەرشـــتی (محەمـــەد ســـاڵح شیرازی) لەئیراندا چاپکرا[2] .

هەڵبەتـــە دەبـــێ لـــەیادمان بێـــت کـــە یەکـــەمین بڵاوکراوەی فارسـیزمان لەسـاڵی (١٧٩٨ی زایینـی) واتـا نزیکـەی (٣٩)سـاڵ بەرلـە (**کاغذ** اخبـار)، لـەژێرناوی (اخبار)دا لەهیندستان چاپ کرا.

بەمشێوەیە تۆ سەرنجت ڕادەکێشرێت بـۆ مـەودای چاپەمەنی ئیرانو وڵاتانیتر، و تێدەگەیت کە نزیکەی (٢٠٠)ساڵ ماوە لەنێوان چاپەمەنی ئیرانو وڵاتـانیتردا هەیە، و هـەمان مەسـەلەیە کـە پێویسـتبوونی وانـەی فێربـوونی ڕۆژنامەنووسـی بـۆ لاوانـی نـەوەیداهاتوو لەم خاکەدا دەردەخات.

---

[2] – ڕۆژنامـــەی (کوردســـتان)یـــش یەکـــەمین ڕۆژنامـــەی کوردییـــە کەلـــە (٢٢ی نیســـانی ١٨٩٨) لەلایـــەن (میقـداد مەدحـەت بـەدرخان بـەگ)ی مـیری پێشـووی جزیـرەی بۆتانـەوە لەشـاری قـاهیرە دەرچـووە. ئـەم ڕۆژنامەیـە ژمارەکـــانی (١–٥) لەمیســـرو ژمارەکـــانی (٦–١٦)ی لەجنێڤو ژمارەکانی (٢٠–٢٣) دووبارە لەقاهیرەو ژمـارەی (٢٤)ی لەلەنـدەنو ژمارەکـانی (٢٥–٢٩) لـە فۆلکسـتۆنو ژمارەکانی (٣٠، ٣١) جارێکیتر لە جنێڤ" دەرچوون.

لەتایبەتمەندییـــــەکانی چـــــاپەمەنییەکان، بـــــەرفراوانی بڵاوبوونـــــەوە، فرەچەشـــــنیو بەردەوامبوونی بابەتـەکانو هـەروا ڕێکخستنی خـولی بڵاوبوونەوەیانە.

بەمانایەکیتر بەپێچەوانەی کتێبەوە کە تـەنها بـۆ ژمارەیەکی کەم چاپ دەکرێت، چاپەمەنی بـۆ گشت چـینەکانی کۆمـەڵگا بـەهۆی فرەچەشـنی نـاوەرۆکی بابەتەکانییـــەوە (وەك وشـــەی یـــەکتربڕ، سیاســـی، کۆمەڵایـــــەتیو...) بەخێراییـــــەکی زیـــــاتر بڵاودەکرێنەوە.

لـــەبارەی بـــەردەوامبوونی بابەتەکانیشـــییەوە پێویســـتە بگـــوترێ؛ بابەتـــەکانی ڕۆژنامـــەکانو ڕۆژنامـەکانیتر بەپێچـەوانەی ڕادیـۆو تەلەفزیۆنـەوە دەکـــرێ پارێزگارییـــان لـــێبکرێتو تەنانـــەت وەك کاڵایەکی بەردەوام بپارێزرێن.

سەرەڕای ئەوەیکە تـیراژی ڕۆژنامـەکان لەجیهانـدا بەرەو زیادبوون دەچێت، بەڵام هەنوکە ئـەم ژمارەیـە لەئێرانـدا نەگەیشـتۆتە ئاسـتێکی خـوازراو. بـۆ نمونـە ڕۆژنامەی (ئەساهی شـیمبون) لـەیابان، تـیراژی زیـاتر لە یەك ملیۆنە لەڕۆژێکدا.

***ڕادیۆ**

ئەم میدیایە دەزگای وەرگری شەپۆلەکانەو پەیام بـــەخێراییو بەلەخۆگرییـــەکی بەرفراوانـــەوە، بڵاودەکاتـــەوەو بەســەر تــەواوی لەمپــەرە کــاتیو شوێنییەکاندا زاڵ دەبێت.

بەمانایـەکی سـادەتر، تەنانـەت کێـوە زۆربـەرزو بیابانە وشكو سوتێنەرەکانیش، ناتوانن بەربەناردنی پـەیامی ڕادیـۆ بگـرنو لەهـەمان سـاتدا، دەتـوانرێ ناردنی پەیامەکانی وەربگیردرێت.

یـەکێك لەخەسـڵەتەکانی ڕادیـۆ ئەمەیـە کـە؛ بەپێچـەوانەی چـاپەمەنیو کتێبـەوە، پێویسـتی بەخوێنـدەواری خوێندنـەوەو نوسـین نییـەو بـەم هۆیـەوە، باشـترین میدیایـە بـۆ ناوچـەو کۆمـەڵگا نەخوێندەوارەکان.

تـەواوی ئـەم خاسـییەتانەی ڕادیـۆ، میدیایـەکی تایبەتی بۆ تاکەکەس دروستکردووە کە لـەڕابردوودا کاریگەرییـەکی زۆری هـەبووە. بـۆ نمونـە ڕادیـۆ لەجـەنگی جیهـانی دووەمـداو بەتایبـەتی لـەوڵاتانی ئـــەڵمانیا، ئیتاڵیـــا، ئیســـپانیاو یابـــان ئـــامرازێکی

پروپاگەندەیی کاریگەر بوو. ئەم خاڵەش کە بێژەر لەپشت ڕادیۆوە نابینرێت، کاریگەرییەکی زۆری لەگرنگیو بایەخی ئەودا هەیە.

لەکۆتایی دا پێویستە بڵێین؛ بەپێچەوانەی کتێبو چاپەمەنییەکانەوە، ڕادیۆ زووترو بەجیاوازییەکی (٢٠)ساڵە بەبەراورد لەگەڵ ئەوروپا، هاتۆتە ئێرانەوە.

یەکەمین نێرەری ڕادیۆیی لەئەوروپا لەساڵی (١٩٢٠) دەستی پێکرد، لەکاتێکدا کە یەکەمین نێرەر لەئێران لەساڵی (١٩٤٠) دەستی بەچالاکییەکانی خۆی کرد[٣].

## *تەلەفزیۆن

تەلەفزیۆن لەدیدی هونەرییەوە، هاوشێوەی ڕادیۆیە و لەڕێگەی بێسیمو شەپۆلەکانەوە، پەیامەکانی خۆی دەگوازێتەوە.

[٣] – لەڕێکەوتی (١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٩)شدا، بۆیەکەمجار لەڕادیۆی بەغداد بەشێك بۆ پەخشی کوردی کرایەوە.

لەڕاستیدا تەلەفزیۆن سود لە توانستەکانی سینەماو ڕادیۆ وەردەگرێت،و سود لە تەکنیکە ڕۆژنامەنووسییەکان وەردەگرێت.

تەلەفزیۆن سەرگەرمترین ئامرازی ماس کۆمونیکەیشنە،و کاریگەرییەکەشی زیاترە لەمیدیاکانیتر.

هاتنی ئەم میدیایە بۆ ئیران (١٨)ساڵ جیاوازی هەیە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانیتردا.

ئەگەر لەئەوروپا یەکەمین ئیستگەی تەلەفزیۆنی لەساڵی (١٩٤٠)دا کرابێتەوە، ئەوا لەئیراندا یەکەمین ئیستگە لەساڵی (١٩٥٨) دەستی بەچالاکییەکانی کرد[٤].

***ئینتەرنێت**

ئینتەرنێت لەڕاستیدا تۆڕێکی بەیەکەوەبەستراوی کۆمپیوتەرەکانی سەرتاسەری دنیایە، بەهۆی هێڵەکانی تەلەفۆنەوە کە ئەویش ئامرازێکی ماس

---

[٤] – بۆیەکەمینجاریش لەکۆتایی دەیەی شەستەکاندا بەشی کوردی لەتەلەفزیۆنی عیراقدا کرایەوە، بەڵام لەڕێکەوتی (١٩٩١/٩/١١) تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان وەك یەکەمین تەلەفزیۆنی سەربەخۆی کوردیی دامەزرا.

کۆمونیکەیشـنی تایبـەت بەتاکەکەسـە، بەیـەکترەوە گرێ دەدرێن.

ئینتـەرنێت تـەواوی شـێوازەکانی پەیوەنـدی وەك کتێب، چاپەمەنی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەماو...هتـد لەخۆیدا کۆکردۆتەوە.

بەمانایـــــەکی ســـــادەتر، ئینتـــــەرنێت (Multimeda)یەکـــە کـــە (دەزگـــاو سیســـتەمێکی چـەندمیدیاییە کـە بەهۆیـەوە تـۆ دەتوانیـت گشت ڕۆژنامـــەکان، کتێبخانـــەکان، زانکۆکـــان، ئیســـتگە ڕادیـــۆیی‌و تەلەفزیۆنییـــەکان، فرۆشـــگا نایابـــەکان، کارگەو...هتد دەستەبەر بکەیت).

دەربـارەی سـەرتاپاگیری‌و گرنگـی ئـەم میدیایـە، هێندە بەسە ئەگەر بڵێین لەساڵی (٢٠٠١)ی زایینـی دا، ژمارەی پێگەکانی ئینتەرنێت (سایت) لەسەرتاسـەری دنیـــادا نزیکـــەی (٢٨,٠٠٠,٠٠٠ ) بـــووە کـــە بـــۆ بەسـەرکردنەوەیەکی یەکخولـەکی بـۆ هـەرکامێکیان، نزیکەی (٥٣)ساڵ کاتمان پێویستە.

# پاری دووەم:
# هەواڵ
# (چەمك و ژانرو بەهاكانی)

## چەمكی هەواڵ:

*هـەواڵ تـازەترین ڕوودواوە كـە لـەلای كۆمەڵـە خەڵكانێكی زۆر سەرنجڕاكێش بێت.

* هەواڵ گوزارشتە لە واقیع، بەڵام هەر واقیعێك ناتوانرێ بە هەواڵ دابنرێت.

* هەواڵ پەیامێكە كە ئەگەری ڕاستیو دروستی تێدایە.

بەشـێوەیەكی گشـتی هـەر ڕووداوێـك كـە لەدەوروبەرمان ڕوودەدات، دەگرێ هەواڵ بێ.

خـاڵی سەرنجڕاكێشـیش لەوەدایـە كـە میـدیاكان لـەناو ڕووداوە ڕۆژانەییەكانـدا، هـەواڵ هەڵدەبـژێرنو ئەم هەڵبژاردنەش؛ ئەركی هەواڵنێرە.

گـرنگترین بابـەتێكیش كـە یارمەتیـدەری هەواڵنێرانـە بـۆ هەڵبـژاردنی هـەواڵ لـەنێوان

ڕووداوەکاندا؛ (بەهاکانی هەواڵن.). - لەدوابڕگەدا لـە بەهاکانی هەواڵ دەدوێین-.

## ژانرەکانی هەواڵ:

ژانرەکـانی هـەواڵ فێـری هـەواڵنێران دەکـەن کـە هەواڵێکی تەواو، بەبەها و دۆڵەمەند ئامادەبکات.

بەمانایـەکی سـادەتر؛ ژانرەکـانی هـەواڵ وەڵامـی پرسـیارەکانی خوێنـەر دەداتـەوە وەك ئـەوەی کـە ڕووداوەلەبەرچاوەکان چۆن ڕوویـداوەو کـێ بۆتـەهۆی ڕوودانی.

لەئـەدەبیاتی ڕۆژنامەنووسـیدا، ژانرەکـانی هـەواڵ بە پێنج (W)و یـەك (H) ناسـراون و ئـەم ژانرانـەش بریتین لە:

**١: کـێ؟** Who:

هـەرکاتێك هـەواڵنێر هـەواڵێك ئامـادە دەکـات، پێویسـتە فاکتـەرەکانی ڕووداوەکـە بناسـێنێت کـە ڕۆڵی لە ڕوودانی ڕووداوەکەدا هەبووە.

بەمانایـەکی سـادەتر، تـۆ پێویستە ئاگـات لـەوەبێ کە بێگومـان دەبێـت بـە خوێنـەر بڵێـی بـەووردی کـێ (نـاو، نـاوو خێـزان، کـار، لایـەنی دەوڵـەتی و ...)

بۆتەهۆی ڕوودانی ڕووداوەکە، یاخود ئەو ڕێککەوتە تایبەتە.

**٢: چی؟** What:

ئەم ژانرە بەزۆریی بەندە بە کرۆکی ڕووداوەکەوە. (چی) لەوانەیە ڕووداوی ئۆتۆمبێلێک، تیرۆری کەسایەتییەکی بەرجەستەی سیاسی، دانانی گەڵاڵەنامەیەکی گرنگ لە ئەنجومەندا و..هتد بێت. لەڕاستیدا ئەم ژانرەو ژانری (کێ)، گرنگترین ژانری هەواڵن.

زۆرینەی رۆژنامەنووسان ژانری (چی) کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ بەهاهەواڵییەکانی (فراوانی)و (لەخۆگری) هەیە، بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، لەسەرەتای هەواڵەکەدا ئەو دوو ژانرە بەکاردەهێنن.

**٣: لەکوێ؟** Where:

بەدڵنیاییەوە تۆ وەك گوێگرێك، بەلاتەوە گرنگە کە بۆ نمونە تەقینەوەی بۆمبێکی بەهێز لەکوێ ڕوویداوە. بەهۆی ئەو فاکتەرەوەیە کە لەداڕشتنی هەواڵدا هەر ڕووداوێك کە بەندە بەشوێنەوە، پێویستە ڕەگەزی (لەکوێ) ڕەچاوبکرێت.

ڕەگەزی (لەکوێ) کە لێرەدا شوێنی ڕووداوەکە دەستنیشان دەکات، خاوەنی گرنگییەکی تایبەتییەو بەزۆریش پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بەهای هەواڵی (نزیکی)دا هەیە، جا چ نزیکیی جوگرافیایی یاخود نزیکیی مەعنەویی بێت.

پێویستە ئەوە ڕۆشن بکەینەوە کە ئەگەر شوێنی ڕوودانی ڕووداوێك نەناسراو بێت، بەدڵنیاییەوە دەبێ هەواڵنێر بەخوێنەر یا گوێگری بناسێنێت. بۆ نمونە ئەگەر هەواڵنێر دڵنیابێت لەوەی کە خوێنەر یان گوێگر شاری (سلێمانی) ناناسێت، دەبێ زانیاریی تەواوتر دەربارەی ئەم شارە بدات بەدەستەوە.

**٤) کەی؟** When:

ئەم بنچینە گشتییە لەسیستەمی میدیاکاندا چەسپاوە کە نابێ بەبێ ناوهێنانی کات، ڕووداوەکە بگوازرێتەوە. چونکە پێویستە خوێنەر یان گوێگر زانیاری لەسەر کاتی ڕوودانەکە (ڕابردوو، ئێستا، ئایندە) هەبێت.

بەهای هەواڵیی (تازەیی و نوێبوون) بەندە بەڕەگەزی (کەی)ەوە، بەدڵنیاییەوە دەبێ ئەوەت لەیادبێت ئەگەر ڕووداوە جێمەبەستەکەت؛ نوێ

بـوو، پێویسـتە لـەپارەگرافی یەکەمـدا ئامـاژە بـۆ کاتەکەی بکەیت.

### ٥-٦) بۆچی؟ Why و چۆن؟ How:

بەهەمانشـێوەی لـەناوی ئـەم دوو ڕەگـەزەوە هـاتووە، ئـەم ڕەگەزانـە ڕەهەنـدیی شـیکاریی‌و وەسـفکردنی ڕووداوەکـان ڕۆشـن دەکەنـەوە. بەمانایەکی سادەتر، ڕەگەزی (بۆچی) هۆکارو یـاخود پاڵنەرەکانی هێنانـەئارای ئـەو ڕووداوە دەخەنـەڕوو و ڕەگەزی (چۆن)، شێواز و چۆنایەتی ڕوودانەکە؛ بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو.

لەزۆربـەی بابەتەکانـدا، هـەواڵنێر چـۆنایەتی هاتنەئارای ڕووداوەکە دەزانێت، بەڵام زانیاری لەسـەر هۆکـار یـاخود ئـەو پاڵنـەرەی لەپشت ڕووداوەکـەوە خـۆی حەشـارداوە؛ نییـە. لێرەدایـە کـە دیـدگا خودییەکانی هەواڵنێر -خوازراو یا نەخوازراو- لەگەڵ هەواڵەکەدا تێکەڵاو دەبێت.

لەیادیشـتان بێـت لـەمجۆرە بابەتانـەدا، ڕۆژنامەنووسـی شـارەزا هەوڵـدەدات گشـتگیرترین زانیـاری لـە یـەك بەیـەکی ڕەگـەزەکانی هەواڵەکـەو لەمتمانەترین ڕێگاوە؛ بەدەستبهێنێت.

سەرنج بدەرە ئەم نمونەیە:

- لەڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا تەواوی سەرنشینانی پاسێك گیان لەدەست دەدەن.

لێرەدا لەوانەیە بەدەستهێنانی وەڵامی ئەو پرسیارەی کە (بۆچی) ڕوودەوەکە ڕوویداوە، بۆ ڕۆژنامەنووس گران بێتو باشتروایە بۆ بەدەستهێنانی هۆکارەکەی، زانیارییەکان لەزاری کارمەندانی ڕێنماییو شۆفێرییو یاخود کارناسانەوە بگوازێتەوە.

## پەیوەندی ڕەگەزەکانی هەواڵ و بەهاکانی هەواڵ

بەهاکانی هەواڵ ئەوە فێری هەواڵنێرو ڕۆژنامەنووس دەکەن کە چۆن لەناو ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆیدا، یەکێکیان بۆ کردنەهەواڵ هەڵبژێرێت.

دوای ئەوەی ڕووداوێك بۆ کردنەهەواڵ هەڵبژێردرا، نۆرەی ڕەگەزەکان یاخود هەمان بنەماکانی هەواڵ دێت تاوەکو کامڵ بکرێن، واتا ڕووداوەکە بەشێوازی ڕۆژنامەنووسیو میدیایی دابڕێژرێن.

بەهەمانشێوەی پێشتر وتمان، بۆ داڕشتنی بابەتی هەواڵێك كە خوێنەر سەری لێدەرنەكات، تۆ پێویستە لەدەقی هەواڵەكەدا وەڵامی شەش پرسیاری (كێ-چی-لەكوێ-كەی-بۆچی-چۆن)بدەیتەوە.

بەدڵنیاییەوە ئەوەدەزانیت كە لەنێوان حەوت بەهاهەواڵییەكانو شەش ڕەگەزەكانی هەواڵدا، پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ هەیە. بۆ نمونە بەهاكانی هەواڵیی (ناوبانگیی) بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە ڕەگەزی (كێ)وە.

بەمانایەكی سادەتر كاتێك تۆ بەهای هەواڵیی (نزیكی) بۆ هەڵبژاردنی ڕووداوەكەی خۆت لەبەرچاودەگریت، لەداڕشتنی هەواڵدا ئەم بەهایە دەگۆڕێ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (لەكوێ)و بەمشێوەیە ئەگەر (تازەیی) بەلاتەوە گرنگ بێت لەداڕشتنی هەواڵەكەدا، وەڵامی پرسیاری (كەی)یت داوەتەوە.

ڕەگەزی سەرنجڕاكێش؛ ڕەگەزێكی گرنگە كە ڕۆژنامەنووسان بەپێی ویستی خۆیان لەناو ڕەگەزەكانیتری هەواڵدا هەڵیدەبژێرێتو لەسەرەتای هەواڵەكەدا دەیخاتەڕوو تاخوێنەر یاخود گوێگر هان

بدات بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە. ئەم ڕەگەزەش پێی دەوترێت (ڕەگەزی سەرنجڕاکێش)و هەواڵنێری شارەزا بەلەبەرچاوگرتنی بەهاکانی هەواڵ، دەتوانێ ئەم (ڕەگەزە سەرنجڕاکێش)ە دەستنیشان بکات.

بۆ نمونە ئەگەر هەواڵێك سەبارەت بە کەسێکی بەناوبانگی نمونەی سەرۆك کۆمار بێت، واباشترە کە ڕەگەزی (کێ) وەك( ڕەگەزی سەرنجڕاکێش) لەسەرەتای هەواڵەکەدا بخرێتەڕوو.

پێویستە ئەوەش ڕۆشن بکەینەوە کە (ڕەگەزی سەرنجڕاکێش) هەمیشەو هەمووجارێك، گرنگترین ڕەگەزی هەواڵ نییە، بەڵکو ڕەگەزێکە بەپێی دیدی هەواڵنێر وەك بابەتێکی پێویست، هەڵبژێردراوە.

بابەتێکیتریش ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ڕەگەزێك بۆ دەستپێکردنی هەواڵ، هەمیشە پێویست نییە بەڵکو دەتوانرێ لە دارشتنی هەواڵەکەدا دوو یاخود چەند ڕەگەزێك بەکاربهێنرێت.

## بەهاکانی هەواڵ

ئەوەبهێنەرەبەرچاوت لەماوەی ڕۆژێکدا چەند ڕووداوت بینیوە، تۆ کاتێك دەچیتەوە بۆ ماڵەوە کام لەم ڕووداوانە بۆ خێزانەکەت باس دەکەیت؛ ئەوە خاوەنی زۆرترین بەهای هەواڵە.

ئێستاش پێکەوە باس لەبەهاکانی هەواڵ دەکەین، لەبیرتان بێت کە نابێت هیچکاتێك ئەم بەهایانە فەرامۆش بکەیت.

**١- لەخۆگری** (Impact):

یەکەمین بەها بۆ هەڵبژاردنی ڕووداوێك بۆ هەواڵ؛ لەخۆگرییە. واتا ئەو ڕووداوە بۆ ژمارەیەکی بەرفراوانی تاکەکانی کۆمەڵگا شیاوی بایەخپێدان بێت بۆنمونە وەك؛ ئەنجامی هەڵبژاردن.

**٢- ناسراویی (**Prominency**):**

بەهای دواتر، (ناسراوی)یە، بەمشێوەیە هەر ڕووداوێك کە سەبارەت بە کەسێکی ناسراو ڕووبدات، بەهای بوونەهەواڵی هەیە.

**٣- تێکچڕژان، کێشمەکێش و لێکدان** (Conflict):

هەر ڕووداوێك كە تیایدا تێكچڕژان، لێكدان، جەنگ، دزی و تاوانی تیادا بێت؛ بەهای بوونەهەواڵی هەیە.

تێكچڕژان ڕەنگە بەشێوازی جۆراوجۆر ڕووبدات كە ئاماژە بۆ هەندێكیان دەكەین:

ا- لێكدانی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، وەك شەڕو كوتەككاریی نێوان دوو كەس یاخود دوو دەستە.

ب- لێكدانی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا، وەك ئافاتەسروشتییەكانی نمونەی لافاو، تۆفانو بومەلەرزە.

**٤- جیاوكو سەرسوڕهێنی (Oddity):**

بەشێوەیەكی گشتی، ئەو ڕووداوە نایابو دەگمەنانە دەگرێتەوە كە بۆ هەمووان جێی سەرنجەو بۆ ئەوانیتری دەگێڕینەوە. بەهۆی ئەم فاكتەرەوەیە كە ئەم بابەتە، واتا جیاوكو سەرسوڕهێنەریی؛ یەكێكە لەبەهاكانی هەواڵ بۆ هەڵبژاردنی ڕووداوێك بۆ هەواڵ.

**٥- گەورەیی و فراوانی، ژمارە و بڕ (Maghitude):**

بەرەچاوکردنی ئەم بەهایە، دەکرێ لەوەبگەین کە هەرکاتێك ڕووداوێك بەسەر دەستەیەكو یاخود ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکدا ڕوبدات؛ شایستەیی بوونەهەواڵی هەیە.

**٦- نزیکی (جوگرافیایی- مەعنەویی) (Proximity):**

هەر کارەسات یاخود ڕووداوێك بۆ ئەو کەسەی لەنزیك ڕووداوەکەوە دەژی، خاوەنی زۆرترین بەها دەبێت لەلای. لەمڕووەوەیە هەواڵنێرانی میدیایەك، بەشێوەیەکی گشتی هەواڵی ئەو ڕووداوانە وەردەگرن کە پەیوەندیدارە بە سنوری چالاکییەکانی ئەو میدیایەوە.

لەبیرتان بێت (نزیکیی) تەنها ماددیو جوگرافیایی نییە، بەڵکو نزیکیی مەعنەویش دەبێتەمایەی هەڵبژاردنی هەواڵ. بەمانایەکیتر هەندێ لەڕووداوەکان لەڕووی مەعنەوییەوە بۆ گروپێك یاخود کۆمەڵەخەڵکێکی کۆمەڵگا؛ گرنگە. بۆنمونە هەرهەواڵێك پەیوەندیداربێت بە کوردو کوردستانەوە لەسەرجەم شوێنەکانی جیهاندا، بۆ کۆمەڵگای کوردیی ئێمە خاوەنی گرنگی پێدانە.

**٧- تازەیی و نوێبوون (Timelyness):**

**بۆئـەوەی پـەی بـەگرنگی ئـەم بـەهای هەواڵییـە ببـەین، پێویسـتە ئـەوەبزانین لـەدنیای چاپەمەنیدا بڕواوایــە ڕۆژنامــە وەك كۆرپەلەیــەك وایــە، واتــا لەهـەمان ڕۆژی لەدایكبوونـدا گیـان لەدەسـت دەدات. پاشان هەواڵنێر یاخود ڕۆژنامەنووسێك سـەركەوتووە كە زۆرزوو، نـوێترین ڕووداو ئاشـكرا بكـات و هەرچـی زووتـرە بیكات بەهەواڵ.**

## پاری سێیەم:
## میتۆدەکانی هەواڵنوسین

شێوەکانی نوسینی هەواڵ لەچاپەمەنییەکاندا؛ پێی دەوترێ میتۆدەکاتی هەواڵنوسین.

بەمانایەکیتر کاتێك هەواڵنێرێك هەواڵێك هەڵدەبژێرێت، پێویستە بەگونجاوترین شێوە دایبڕێژێت.

بابەتی سەرەکی لەداڕشتنی هەواڵو بەکارهێنانی میتۆدەکانی هەواڵنوسین، ئەوەیە کە هەواڵنێرێك پێویستە ئەوە بزانێت هەواڵ بۆ خوێندنەوە –نەك بۆ چاپکردن- دەنوسرێت.

لەڕاستیدا پێویستە بەگونجاوترین شێوە هەواڵەکەی خۆی دابڕێژێتو میتۆدی هەواڵنوسین بەکاربهێنێت، بەجۆرێك کە خوێنەر بێئەوەی هەست بەخۆی بکات، ناچاربێ هەواڵەکە بخوێنێتەوە.

دیارترینو باوترین میتۆدەکاتی هەواڵنوسینیش بریتین لە:

## *میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە

لەم میتۆدەی نوسینی هەواڵدا، ژێری هەرەمەکە بریتییە لەسەرنجڕاکێشترین بەشی هەواڵەکە، لەزۆربەی ڕووداوەکاندا گرنگترین بەشی هەواڵەکە پێکدەهێنێ.

هەروەها کەم بەهاترین زانیاریش کە بریتییە لە بێنرخترین بەشی ڕووداوەکە، لەلوتکەی هەرەمەکەدا دادەنرێت.

لەمیتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا، زانیارییەکان بەرەچاوکردنی ڕێژەی گرنگیان، لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕێك دەخرێن.

لەدنیای ڕۆژنامەنوسیدا چیرۆکێك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەمجۆرە میتۆدە هەیە, بەپێی ئەم چیرۆکە، دوای دۆزینەوەی تەلەگراف، ڕۆژنامەنووسانو ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکایی بەتایبەت، لەئانوساتی سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکاو لەکاتی وەرگرتنی هەواڵدا لەترسی پچڕانی پەیوەندییە تەلەگرافییەکە، سەرەتا بەشی سەرەکی هەواڵەکەیان وەردەگرتو دواتر ئەگەر پەیوەندییەکە نەبڕایە، بەشەکانیتری

هەواڵەکەیان وەردەگرت. بۆ بەئاسانی سودوەرگرتن لەم میتۆدە، واباشترە تۆ پێتوابێ لەهەلومەرجی جەنگ دایتو ناچاریت لەسەرەتادا بەشی سەرەکی هەواڵەکە بخەیتەڕوو.

**ا: خەسڵەتەکانی میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە بۆ خوێنەران:**

١-ئەم میتۆدە بەشێوەیەکی سروشتی، نزیکە لەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی خەڵكو هەروەها خەڵكو خوێنەر پەیوەندییەکی باشتری لەگەڵدا دروست دەکەن.

٢-ئەرکی خوێنەر لەهەواڵەکەدا، هەر لەپەرەگرافی یەکەمەوە دەردەکەوێت. خوێنەر دەتوانێت ئەگەر حەزی لەزانینی هەواڵەکە نەبوو، کاتی خۆی بەخوێندنەوەی پاشماوەی هەواڵەکە بەفیڕۆ نەدات.

**ب: خەسڵەتەکانی میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە بۆ هەواڵنێر:**

١- لەبەرئەوەی کە مەبەستی بابەتەکە لە لید (پێشەکی هەواڵ)دا بەکاردێت، ئەوا نوسینی مانشێتیش بۆ هەواڵنێر ئاسانتر دەبێت.

٢-ئەگەر بەهۆی کەمی لاپەڕەوە بڕیار بۆ لابردنی بەشێك لەبابەتەکە بدرێت، ئەوا بەئاسانی دەتوانرێ بەشەکانی کۆتایی کە گرنگییەکی کەمتری هەیە؛ لابرێت.

**ج: کەموکوڕییەکانی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە**

١- هەواڵنێر لەدیدو تێڕوانینی خۆیەوە، گرنگترین بەشی هەواڵەکە هەڵدەبژێرێت. هەروەها لەپێناو داڕشتنەوەی هەواڵەکەشدا، سەرلەنوێ پیایدا دەچێتەوە.

٢- لەبەرئەوەی خوێنەر لیدەکەی خوێندۆتەوە، چاو لەخوێندنەوەی پاشماوەی بابەتەکە دەپۆشێت.

٣- ئەوەی لەلیددا هاتووە، جارێکیتر لەدەقی هەواڵەکەدا دووبارەدەبێتەوە.

***لید (Lead)**

بەدەربڕینی دێڕەکانی سەرەتای هەواڵ یاخود یەکەم پەرەگرافی هەواڵەکە –بەتایبەتی لەمیتۆدی هەرەمی هەلگەڕاوەدا- کە خوێنەر دەکاتە ئامانج؛ پیٚ‌یدەوترێ لید.

لەڕاستیدا لید (Lead) پوختەی گرنگترین دەقی هەواڵەکەیە کە لە یەك یاخود لەدوو ڕستەدا؛ خوێنەر دەخاتە ناو گرنگترین بەشی هەواڵەکەوەو سەرنجی ڕادەکێشێ بۆ خوێندنەوەی پاشماوەی هەواڵەکە.

لید لەسەربنەمای ئەوەی کە کام یەك لەڕەگەزەکانی هەواڵ لەخۆدەگرێت، ناوی ئەو ڕەگەزە بەخۆوەدەگرێت. بەشێوەیەکی گشتی لید چەند جۆرێکی هەیە:

- **کەی:** ناوی کەسەکە یا ناوەندی فاکتەری ڕووداوەکەی تیادا دەبێت.

-**چی:** بابەتی ڕووداوەکەی تیادا دەخرێتەڕوو.

-**لەکوێ:** شوێنی ڕووداوەکە دەخاتەڕوو.

-**کەی**: کاتەکە لەخۆدەگرێت.

-**چۆن:** وەسفییەو باس لەشێوەی ڕووداوەکە دەکات.

سەرەرای ئەمانە، چەند نمونەیەکیتری لید لە هەواڵنوسیندا باوە کە بەشێوەیەکی کورت ئاماژەیان بۆ دەکەین.

**١-لیـدی لێهـەڵێنجان:** لـەم لیدانـەدا زۆربـەیجار ڕاڤەی ڕۆژنامەوان بۆ ڕووداوێك؛ ڕەگـەزی بنچینەیی پێکدەهێنێتو لیدی تاکبابەتی لەخۆدەگرێت.

لیدی تاکبابەتی بەشێوازی: ڕاستەوخۆیی، قـوڵیی، شـیکاریی دەخرێتـەڕوو کـە ئامـاژە بـۆ نمونـەکانیان دەکەین.

**-لیدی تاکبابەتیانەی ڕاستەوخۆ:** نمونە (سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ڕەخنـەی لەدەوڵەتـە ئیسلامییەکان گرت).

**-لیدی تاکبابەتیانەی قـوڵی:** نمونـە (کۆنگرێسی ئـەمریکا ئـەمڕۆ گەڵاڵەنامـەی بەگژداچـوونەوەی توندوتیـژی بەزۆرینـەی دەنـگ پەسـەند کـرد، کەبەوهۆیەوە پۆلیسی فیدراڵی لەشوێنە جیاجیاکانی دنیـادا نیشـتەجێ دەکـرێنو تاوانبـاران دەسـتگیر دەکەن.)

**-لیدی تاکبابەتیانەی شیکاریی:** نمونە (بن لادنی فەرماندەی ئەلقاعیدە لەکاتێکدا کە دەستی ڕاستی بۆ ڕانەدەوەشـێندراو بەبـەراورد لەگـەڵ دوومـانگ لەمەوبـەردا بـەلاوازتر دەهاتەبەرچـاو، لەچـاوپێکەوتنێکدا لەگـەڵ کـەناڵی ئەلجـەزیرە،

بەهەمان ڕاشکاوییە هەمیشەییەکەیەوە جەختی لەسەر درێژەدان لەبەگژداچوونەوەی ئەمریکا کردەوە).

**٢-لیدی پرسیاری:** نمونە: (خەڵکی کوردستان دەپرسن کەی میترۆی کوردستان تەواو دەبێت).

**٣- لیدی خاوەن ڕەهەند:** نمونە: (دەساڵ لەمەوپێش بوو کە عیراق بۆمبارانی کیمیاوی شارۆچکەی هەڵەبجەی کردو هەنوکەش پزیشکەکان هەواڵی شەهیدبوونی کۆمەڵێك بریندراری ئەو کیمیابارانەیان لەئێراندا ڕاگەیاند[٥]).

**٤-لید لەسەربنەمای گێڕانەوە:** نمونە (واشنتۆن بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ستەملێکراوی ئەفغانستان، تائێستاش درێژە بەبوونی سەربازی خۆی دەدات لەم وڵاتەدا. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران لەکۆنفرانسێکی هەواڵدا لەگەڵ باسکردنی ئەم هەواڵەدا وتی....)

---

[٥] – ئەم نمونە کوردییە خودی نوسەری کتێبەکە نوسیویەتی.

٥- **لیـــدی لێکـــدژ:** نمونـه (سـەرۆك كۆمـاری ئەمریکا باس لەبەگژداچوونەوەی تیرۆریـزم دەکات، بەڵام فەرمانی هێرشی تیرۆریستی دەدات لەزۆرینـەی شوێنەکانی جیهاندا).

## *میتۆدی مێژوویی

لـەم میتـۆدەدا ڕێکخسـتنی هـەواڵ بەپێچـەوانەی هـــەرەمی هەڵگـــەڕاوە، بەرەچـــاوکردنی بەهاکـــەیان نانوسرێت. بەڵکو بەوشێوەیە دەنوسرێت کـە لـەرووی کاتەوە، لەچوارچێوەی هەواڵەکەدا بەدەستهاتووە.

لەم میتۆدەدا، ڕۆژنامـەوان دادوەری تیـادا ناکاتو کاری بەوەنییە کـە کـام بـەش لەڕووداوەکە گرنگترە، تـاوەکو لەپــەرەگرافی یەکـەم –لیـدـی هەواڵەکـەدا بیخاتەڕوو.

ئـەم میتـۆدە زیـاتر بـۆ ئامـادەکردنی ڕاپـۆرتو وتــارو بەدواداچـــوونەکانو نوســـینی کۆبوونـــەوە ڕەسمییەکان بەکاردەهێنرێت.

کەموکورتییەکانی میتۆدی مێـژوویی ئەوەیـە کـە پێویسـتە خوێنـەر، کـاتێکی زۆرتـر بـۆ خوێندنـەوەی

هەواڵەکە بەفیڕۆبدات تاوەکو تیایدا گرنگترین ناواخن بەدەست بهێنێت.

-بەهۆی درێژبوونو هان نەدانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی؛ درێژەدان بەبابەتەکە خوێنەر ماندوو دەکات.

- ڕێکخستنو جێکردنەوەی شوێن بۆ ئەمجۆرە هەواڵانە؛ بەگرفتە.

## *میتۆدی مێژوویی لەگەڵ لیددا

بەهەمانشێوەی کە لەناوی ئەم میتۆدەوە هاتووە، ئەمە شێوازێکی ئاوێتەکردنی هەردوو میتۆدی هەرەمی هەلگەڕاوەو میتۆدی مێژووییەو بۆ نوسینی هەواڵەکانی شارو ڕووداوەکان بەکاردەهێنرێت.

بۆ ڕێکخستنی هەواڵ بەم میتۆدە، سەرەتا پوختەی گرنگترین باس بەشێوازی میتۆدی هەرەمی هەلگەڕاوە لەلیدی هەواڵەکەدا دەنوسرێتو پاشان بەشێوازی میتۆدی مێژوویی؛ ڕووداوەکە بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ڕوویداوە شی دەکرێتەوە.

## *میتۆدی کۆتایی سەرسوڕهێن

ئەم میتـۆدە یەکێکـە لەسەرنجڕاکێشـترین شـێوەی داڕشتنی هـەواڵ، چـونکە قفڵـی ڕووداوەکـە لـەکۆتایی هەواڵەکـــەدا دەکرێتـــەوەو خوێنـــەر دووچـــاری سەرسوڕمان دەکات.

میتۆدی کۆتـایی سەرسـوڕهێن، زۆرتـر بـۆ بابەتـە سەرسـوڕهێنەرەکان بـەکاردەهێنرێت. سـەرنج بـدەرە ئەم نمونەیەی خوارەوە:

**پۆلیســـی ســـلێمانی: دزی کۆگـــای هاوڵاتییـــەکی دەستگیر نەکرد**

چالاك کە وەك کەم تەمەنترین دزی شارەکە ناسرا، لەکاتێکدا کەلەگەڵ باوك‌و دایکـی خۆیـدا بـۆ شـتومەك کـڕین چووبوونە کۆگای هاوڵاتییەکـەوە، لەفرۆشـگاکە نەهاتــەدەرەوە. دوو کاتــژمێر دواتــر، کاتــێ پــۆلیس‌و پاسەوانانی فرۆشـگاکان دوای لێـدانی زەنگـی مەترسـی، خۆیـــان گەیانـــدە دەوروبـــەری کۆگاکـــەو چـــالاکیان دەستگیرکرد کە بەهەراسانییەوە بەملاولادا ڕایدەکرد.

پـــۆلیس تـــەنها لەبەریـــەك هـــۆ، ئـــەم دزە کـــەم تەمەنـــەی دەســـتگیر نـــەکردو هۆیەکـــەش بریتـــی بـــوو لـــــەوەی تەمـــــەنی ســـــێ ســـــاڵە بـــــووەو بـــــەهۆی ماندوێتییەوە، لەکۆگاکەدا خەوی لێکەوتبوو.

## پاری  چوارەم:
## فلتەرەکانی هەواڵ لەخۆرئاوا

لەبەشەکانی پێشوودا فێربوویت کە چۆن لەناو ڕووداوەکـانی دەوروبـەری خۆتانـدا، ئەوانـەی کـە شایستەیی (بوونەهـەواڵ)یـان هەیـە جیابکەیتـەوە. هـەروەها زانیـت کـە لەڕاسـتیدا ئەمـە (بـەهاکانی هـەواڵ)ن کـە بـە هـەواڵنێرێك دەڵـێن کـام ڕووداو لەڕووی کاردانەوەیەوە وەك (هەواڵ) هەڵببژێرن.

لـەم بەشـەدا دەمانـەوێت تـۆ بـە (٥)پێـنج بـەهای هــەواڵیتر ئاشــنا بکــەین، کــە بــەزۆریی لەلایــەن میــدیاکانی خۆرئــاواوە و بەســەر وڵاتــانی جیهــانی سێیەمدا بەکاردەهێنرێت.

### *هەواڵنێران فلتەرەکانی هەواڵن

یەکـەمین فلتـەر کـە بەربـە هەنـدێ لەهەواڵەکان دەگرێت؛ هەواڵنێرە. ئەویش هەواڵنێرێك کە ئاشنای

بــەهاكانی هــەواڵ بــووە و بەپشــتیوانی ئەوانــەوە، هەندێ لەڕووداوەكان ناگوێزێتەوە.

باشــە ئێســتا كــە زانیــت ســەرجەم هــەواڵنێرەكان بــەزانایی یــا نــەزانی هەنــدێ لــەڕووداوەكان سانســۆر دەكــەن، وەرە پێكــەوە ســەرێك لــەدنیای میــدیاكانی خۆرئــاوا بــدەین. شــوێنێك كــە ســەرەڕای (٧)حــەوت بەهاكاكــە، بەمانایــەكیتر (٧) حــەوت فلتەرەكــەی پێشــوو، هــەواڵنێرەكان بەســودوەرگرتن لــە (٥) فلتەریتر، ڕووداوەكان هەڵدەبـژێرن بـۆ گۆڕینیـان بـۆ كردنەهەواڵ.

كاتێك كە تۆمـان بەئـەم (٥) پێـنج بەهایـە ئاشـنا كرد، ئەوكاتە دەزانیـت كـە خـەڵكانی جیهـانی سـێیەم تاچــەند لەژێركاریگــەری بۆمبــارانی زانیــاریی‌و هەواڵەكانی میدیاكانی خۆرئاوادان‌و خۆشـیان ئاگایـان لـێ‌ی نییە.

بەدڵنیاییــەوە دوای ئاشــنابوون بــەم (٥) پێــنج فلتـەرە، بـەجۆرێكیتر دەنۆڕیتـە هەواڵـەكانی میـدیای دنیای خۆرئاوا. نۆڕینێكی لێوان لێو لـە ڕەشـبینی كـە هەندێكجار ترس‌ولەرزی لەگەڵدایە.

## *کارکردنی ئامرازەکانی ماس کۆمونیکەیشن

ئامرازەکـــانی مـــاس کۆمونیکەیشـــن، ئـــەرکیان گواستنەوەی پـەیامو زانیارییەکانـە بـۆ گشت خـەڵك. لــەم ئاقــارەوە ئــەوان ســێ ئاراســتەی کــارکردنی بنچینەییان هەیە کە بریتین لە:

١- سەرگەرمکردنی خەڵك.

٢-ئاگادارکردنەوەی گشت خەڵك.

٣-پێکەوەبەســتنەوەی تاکەکــەس بەسیســتەمێکی پێشتر دارێژراوی بەهاو بیروباوەڕەکان.

بەدڵنیایيـــــەوە زانیـــــت میـــــدیاکان جگەلـــــە ســەرگەرمیو گواســتنەوەی هەواڵــەکان، کــارکردنێکی گرنگتریـان هەیـەو ئـەویش سـێیەمین کارکردنـە کـە ئێمە وەك پێکەوەبەستنەوە ناومان برد.

لەڕاســتیدا میــدیاکان ئــەرکی خۆیانــە تــەواوی تاکــەکانی کۆمــەڵگا، بــەرەو مــۆدیلێکی تایبەتیانــەی ژیـانو تەنانـەت بـەرەو ئایدۆلۆژییـەکی دیـاریکراو و دەستنیشـانکراو ڕێنمـا بکـەن. ترسـناکتر لەهـەموویان ئەوەیە کـە ئـەم میدیایانـە، تەنانـەت لەهەوڵدان دان کاریگـەری لەسـەر شـێوازی بیرکردنـەوەی تاکەتاکـەی

کەسانی ناو کۆمەڵگا دابنێن و بەجۆرێك کاربکەن کە تـــەواوی کەســـانی کۆمەڵگاکـــە؛ بەیـــەك شـــێواز بیربکەنەوە.

هەنوکە بەدڵنیاییەوە زانیت کە بۆچی زۆرینـەی خـــەڵکی کۆمـــەڵگاکانی خۆرئـــاوا، وادەزانـــن نـــاوی فەلەســـتین لەگـــەڵ تیرۆریســـتدا ئاوێتـــەبووەو یـــا جولەکەکان ستەملێکراوترین نەتەوەی ڕووی زەوین.

## *فلتەرەکانی هەواڵی خۆرئاوا

لـــەخۆرئاوا، زۆرینـــەی ئامرازەکـــانی مـــاس کۆمونیکەیشـــن لەچـــنگی دەوڵـــەت و یـــا خـــاوەن دەسەڵاتدارەکاندایە.

لەڕاســتیدا چـاپەمەنییەکان یـا لەژێردەســەڵاتی دەوڵەتــدان و یــا لەدەســت هەنــدێ لەســەرمایەدارە دۆڵەمەندەکاندایـە، کـە تـەنها بـیر لەبەرژەوەندییـە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەنەوە.

لەدنیایـەکی لـەوجۆرەدا، هـەواڵنێرانی میـدیاکان فێردەبن کە سەرەرای (٧)حـەوت بەهاکـەی پێشوو – لەچوارچـــێوەیەکی پێشـــتر دەستنیشـــانکراودا- بەتێپەڕانـــدنی هەواڵـــەکان بـــەناو ئـــەم (٥) پێـــنج

فلتەرەی خوارەوەدا؛ هەواڵەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە.

**١- خاوەندارێتی:**

خاوەندارێتی زۆرینەی میدیاکان لەخۆرئاوادا، لەژێردەستی دەوڵەتو یان دۆڵەمەنداندایە.

هەنوکە بیرلەوەدەکەیتەوە کە بۆ نمونە میدیایەك کە لەژێر خاوەندارێتی دەوڵەتێکی خۆرئاواییدایە، دەتوانێ هەواڵێك دژ بەدەوڵەتەکەی خۆی بڵاوبکاتەوە؟. لەمەش خراپتر، پێت وایە ڕۆژنامەیەك کە خاوەندارێتییەکەی لەژێر چنگی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری شیری وشکدایە، ئایا ئامادەیە هەواڵێك دەربارەی ژەهراویبوونی ئەو شیرەوشکە پێشکەشکراوانەی ئەم کۆمپانیایە بەئەفریقا بڵاوبکاتەوە؟!.

**٢- ڕیکلامی بازرگانی:**

بەهەمانشێوەی کە دەزانیت، سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی میدیاکان لەئێستادا، ڕیکلامە پروپاگەندەییەکانن.

بۆنمونە لەولاتی خۆماندا (مەبەستی لەئیرانە - و.ك-) ڕۆژنامە هەیە کە بە (١/١٠)ی بەهای تێچوویان

دەدرێتە خوێنەران و ئەمەش واتا ئەوەیکە پاشماوەی بودجـــەکانی ڕۆژنامەکـــە لـــە ڕیکلامییـــە میلیۆنییەکانەوە دابین کراوە.

باشـە هەنوکـە وادابـنێ یـەك دوو کۆمپانیـای گـەورەی فرەنەتـەوەیی بـەهۆی دانـی ڕیکلامـەوە بەرۆژنامەیـەك، هـەواڵ دژ بەئـەوان بڵاوناکاتـەوە. بەدڵنیاییـەوە ئـەم ڕۆژنامەیـە لەمەودایـەکی کورتـدا شکست دەهێنێت. لەبەرئـەوەی کـە خوێنـەران ئامادە نـین بـەهای تاکفرۆشـانەی بـەرزی ئـەوان –کـە بـۆ قەرەبووکردنـــەوەی کورتهێنـــانی داهاتـــەکان ڕوویانکردۆتە ڕیکلام- بدەنەوە.

پاشـان ریکلامـەکانیش وەك هـەرەمێکی ڕێگـر بەربە بڵاوبوونەوەی هەندێ لەهەواڵەکان دەگرێت.

**٣- سەرچاوەکانی هەواڵ:**

سـێیەمین فلتـەر کـە دەبێتەمایـەی ئەوەیکـە میدیاکان لەخۆرئاواداو بەتایبەتی لەئەمریکا نەتوانن هـەواڵی دروست بڵاوبکەنـەوە، وابەسـتەیی توندیانە بەسەرچـــاوەکانی هـــەواڵی دەوڵـــەتو میـــدیا بازرگانییەکانەوە. بەم مانایەی کە چاپەمەنییەکانی خۆرئـاوا ناچـارن هەواڵـە جێمەبەسـتەکانی خۆیـان

لەپەیوەندییە گشتییەکانی کۆمپانیا بازرگانییەکانو هەروا ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان وەربگرن، تا دڵنیابن لە ڕاستیودروستیان.

باشە تۆ پێت وایە ئەم سەرچاوە هەواڵییانە ئامادەن هەواڵێك کە دژبەخۆیانە، بخەنەبەردەست هەواڵنێرانەوە؟.

## ٤- ڕەخنەگرتن لەئامرازەکانی ماس کۆمونیکەیشن:

فلتەرو یا بەگوزارشتێکی باشتر هەرەمێکیتری فشار کە میدیاکانی خۆرئاوای پێ کۆنترۆڵ دەکرێت، مەسەلەی ڕەخنەگرتنە لەئامرازەکانی ماس کۆمونیکەیشن بەهۆی نامە، تەلەگراف، تەلەفۆن، دۆسییەی دادوەری، گەلاڵەنامەکانی ئەنجومەنو تەنانەت بڕیارەکانی سەرانی دەسەلاتەوە.

بەمشێوەیە میدیاکانو چاپەمەنییەکانو تەنانەت هەواڵنێرانی خۆرئاوا لەترسی ئەم هەرەمانەی فشار، هەوڵ دەدەن هەواڵگەلێك بلاوبکەنەوە کە بەپێچەوانەی بەرژەوەندییە میللییەکانی دەوڵەتو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە نەبێت.

## ٥- دژایەتیکردنی ئیسلام[٦] :

لەسـالآنێکی دوورەوە دژایـەتیکردنی کۆمـۆنیزم نـاوەرۆکی زۆرینـەی میـدیاکانی خۆرئـاوای پێـك دەهێنـا، لەگـەڵ هەڵوەشانەوەی یـەکێتی سـۆڤییەتدا، ئەم دژایەتیکردنە بەرەو ئیسلامو فەنـدەمێنتالیزمی ئیسلامی وەرسوڕا.

لەڕاستیدا بچوکترین ئەندامی میدیاکانی خۆرئـاوا واتا لە هەواڵنێرێکی ئاساییەوە بگرە تـا سەرنوسـەری گەورەترین دەزگای میدیا، فێـری ئـەوەبوون کـە هـەر ڕووداوێـك دژبـە ئیسـلام و نەتـەوەی ئیسـلامییە، ڕەنگوبۆیەکی زیاتری بدەنێ.

بەدڵنیاییـەوە زانیوتـە کـە بۆچـی هەنـدێ لەڕووداوە ئاساییەکان لەهەندێ وڵاتی موسڵمانی وەك ئەفغانسـتاندا، بـەم ئەندازەیـە دەبنـە جێ مەبەسـتی میدیاکانی خۆرئاوا. بەڵام لەهەمان ئـەو میدیایانەدا لەشوێنێکیتر بەئاسانی بەتەك هەواڵێکی گرنگی وەك تیرۆرکردنی ڕێبەرانی راپەرینی فەلەسـتینی لەلایـەن ئیسرائیلییەکانەوە تێدەپەڕن.

---

[٦] – ئـەم خاڵـەیان پـتر دەچـێتە خانـەی ڕای تایبـەتی نوسەرەوە. (و.ك).

***قوربانیان لەمیدیاکانی خۆرئاوادا**

هەنوکـە سـەرەڕای (٧) حـەوت بەهاکـەی هـەواڵ، ئاشنای (٥) پێنج فلتەریتریش بوویت کە لەزۆرینـەی میـــدیاکانی خۆرئـــاوادا بـــەکاردەهێنرێت، دەبـــێ گەیشتبیتە ئەو ئەنجامەی بۆچی ڕادیۆ، تەلەفزیۆنو چـاپەمەنییەکانی خۆرئـاوا، هـەواڵو ڕووداوەکـانی جیهانی سێیەمو جیهانی ئیسلام بـەجۆرێکیتر بـلاوی دەکەنەوە.

نمونەی زۆر ڕوونو جۆربەجۆر لەم بوارەدا هـەن، بـۆ نمونــە بەدڵنیاییــەوە چــەندینو چــەندینجار هـەواڵێك دەربـارەی فـلان منـداڵی ئـەمریکایی کـە لەچاڵێکی ئاودا یا لەچاڵێکی زۆر قوڵەوە ڕزگارکراوە، بیستووتە یان بینیوتە، بەڵام لەتـەك ئـەم هەواڵانـەدا تـۆ هەمیشـە ڕووبـەڕووی لێشـاوێك هـەواڵی خـراپ دەربـارەی نەتـەوەکانی جیهـانی سـێیەم و یـا ئیسـلام دەبیتەوە.

ئـەمرۆ تەنانـەت بـەلای تۆشـەوە، قـارەی ئـەفریقا لەبرسـییەتیو وشکەسـاڵی جیاناکرێتـەوە. بـەڵام ئایـا دەزانیــت کــە لەکــەنار دیــوارو لــەناو تونێلــەکانی

نیویۆرکــەوە چ ژمارەیــەکی ڕەشپێســتو کۆچــبەر بەبرسییەتی گیان لەدەست دەدەن.

لــەجیهانی میــدیاکانی خۆرئــاوادا، مرۆڤــەکان خاوەنی بەهایەکی یەکسان نـین، لەهـەمان ڕووەوەیـە کـە هـەواڵی گیـان لەدەسـت دانـی (٣١٣) گەشـتیاری فرۆکەی فڕۆکەوانی ئیران بـە (هەڵەیـەك لـەژمێرەدا) بڵاودەکەنــــــەوەو دوای چــــــەندین ســــــاڵ، قەرەبووکردنەوەیــەکی نــاجۆر بۆخێزانــەکانی ئــەم گەشـتیارانە تـەرخان دەکرێت، بـەڵام فاکتـەری ئـەم کارە تاوانکارانەیە لەبنەڕەتدا دەستنیشان ناکرێت.

بــــەڵام لەشــــوێنێکیتردا، ســــەرەنگونبوونی فڕۆکەیــەکی ئــەمریکی دەدرێتــەپاڵ تیرۆریســتانی ئێرانــیو لیبــی، لەکاتێکــدا کــە هــیچ نیشــانەیەکی دەلالەتـدار لەسـەر دەسـتوەردانی ئـەم دوو وڵاتـە لـەم ڕووداوە ئاسمانییەدا نییە.

## پاری پێنجەم:

## ڕاپۆرت

ڕاپۆرتنوسین، گرنگترین بواری ڕۆژنامەنووسییەو چـوونە نـاو ئـەم بـوارەوە، تـەنها لـەتوانای ئـەو هەواڵنێرانەدایـــە کـــە توانســـت، تایبەتمەنـــدیی و لێبڕاویـــی خۆیـــان لـــەماوەی چـــەندین ســـاڵ کـــاری ڕۆژنامەنوســـیدا نیشـــان داوە. چـــونکە بـــۆ نوســـینی ڕاپـــۆرت، ســـەرەتا پێویســـتە نایـــابترین توانـــای ڕۆژنامەنووسی وەدەست بخات.

لەڕاســـتیدا ڕیپۆرتـــەر، ڕۆژنامەنووســـێکی تـــەواو پێگەیشـــتووە. ڕیپۆرتـــەر ســـەرەرای گواســـتنەوەی زانیاری بۆ پەیاموەرگرەکانی خۆی، پێویستە بتوانێت پـــەیاموەرگرەکان لـــەبارەی فاکتـــەکانی ژیـــانی کۆمەڵایەتی ئاگاداربکاتەوە بەشێوەیەك کە ئەگەری بەشـــداریی چـــالاکانەو هۆشمەندانـــەی خـــەڵك لەدیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا، فەراهەم بکات.

## *پێناسی ڕاپۆرت

هەندێك لەپسپۆڕان ڕاپۆرت بە بەرفراوانکردنی هەواڵ دەزانن بەمەبەستی خستنەڕووی لایەنو مەسەلە دوورەدەستەکانی هەواڵێك.

پێناسێکیتری ڕاپۆرت بریتییە لە:" هونەری خستنەڕووی ناڕاستەوخۆیانەی فاکتەکان". "خستنەڕووی تەوصیفی، شیکارییو وێناکردنی ڕووداوێك یاخود ڕێککەوتێك یا بابەتێکی کۆمەڵایەتی". و"ئاوێتەکردنی هەواڵ بنیادنانەوەیەکی هونەرمەندانەی بوارەکان، بابەتەکان، ڕووداوەکانو فاکتە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە."

خاڵێك کە لێرەدا پێویستە باسی بکەین ئەوەیە هەریەك لەم پێناسانە، تەنها نۆڕیویانەتە لایەنێك لەلایەنەکانی ڕاپۆرت، بەجۆرێك کە دەتوانین بڵێین هەرکام لەو پێناسانەی سەرەوە ، زیاتر پێناسی یەکجۆر ڕاپۆرتیان کردووەو هیچکامیان نەیانتوانیوە پێناسێکی تەواو و پێگەیشتوانەی ڕاپۆرتنوسین پێشکەش بکەن.

## *ئاراستەکردنی ڕاپۆرت

خستنەڕووی پێداویستییە بنچینەییەکانی خەڵك وەك کێشەو تەنگژە ئابوریی‌و ژیارییەکان‌و تەنانەت گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کە کۆمەڵگا دووچاری بووە، تەنها لەچوارچێوەی ڕاپۆرتەهەواڵییە سەنجڕاکێشەکاندا ئەنجام دەدرێت. تەنانەت دەکرێ بڵێین باوترین کەناڵی خەڵك، میدیاکان و بەرپرسان؛ ڕاپۆرتە جۆراوجۆرە هەواڵییەکانە.

بەمشێوەیە خەڵك دیدگا و تێڕوانینەکانی خۆیان بەتایبەتی لەبارەی مەسەلە کلتوری، ئابوری‌و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگەیەننە گوێی بەرپرسان‌و بەرپرسانیش دەیانەوێت ئاگاداری ڕایگشتی بن لەبارەی مەسەلە تایبەتەکانەوە.

## *قۆناغەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرت

هاوبەشییەکی زۆر لەنێوان ئەم کارە ڕۆژنامەنووسیەو چیرۆکنوسیدا هەیە. لەبنەڕەتدا دەکرێ بڵێین داهێنانی هەر بەرهەمێکی هونەری دەکرێ لەشێوازی چیرۆکنوسینیشدا بۆی بگەڕێین.

واتا سەرەتا بابەتی بەرهەمەکە دەستنیشان دەکرێت، پاشان دوای پەیامەکە، خستنەڕووی گشتیانەو ناوی بەرهەمەکە دیاری دەکرێتو دواجار داهێنانی بەرهەمە هونەرییەکە دواقۆناغە.

بۆ نمونە کاری وێنەکێشێك بۆ کێشانی تابلۆیەك، سەرەتا بەهەڵبژاردنی بابەتەکەو پاشان ئەو پەیامەی کە دەکرێ بدرێتە پەیاموەرگرەکە لەڕێگەی تابلۆکەیەوە؛ دەست پێدەکات. دوای ئەوە چوارچێوەیەکی گشتیو فەزای وێنەکێشییەکە لەهزری خۆیدا، تاوتوێ دەکاتو سەرئەنجام بەرهەمی دەهێنێت.

بەم پێشەکییە، بەدڵنیاییەوە زانیت کە یەکەمین هەنگاو بۆ ئامادەکردنی هەرجۆرە ڕاپۆرتێك، هەڵبژاردنی بابەتەکەیە.

ئێستاش پێکەوە قۆناغەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك باس دەکەین:

### ١-هەڵبژاردنی بابەت:

بەرلەهەمووشتێك تۆ وەك ڕۆژنامەنووسێك، پێویستە ئەوە بزانیت کە دەتەوێت دەربارەی چ شتێك ڕاپۆرت ئامادە بکەیت.

هەڵبـژاردنی بابـەت بـۆ ئامـادەکردنی ڕاپـۆرتێکی میدیایی گرنگییەکی تایبـەتی هەیـە، لەڕاسـتیدا دوای هەڵبـژاردنی بابەتەکـە، بیرۆکـەی ڕاپۆرتەکـە بـەدیار دەکەوێت.

## ٢-پەیام:

هەڵبــژاردنی بابــەت یــاخود بیرۆکــەی ڕاپــۆرت لەلایــەن تــۆوە، بــێهۆ نییــەو تــۆ لەبەرامبــەر ئــەم بابەتەدا، دیدگاگەلێکت هەیە.

دیــدگای هــەواڵنێر لــەبارەی بیرۆکــەی ڕاپــۆرت، بەپەیامەکـەی دەگـوترێ. بـۆ نمونـە ئەگـەر لەدیـدی تــۆوە هۆکــاری ســەرەکی نابــاوە کۆمەڵایەتییــەکان، دووری لـەئایینو ڕەسـەنایەتییە کلتورییـەکان بێـت، ئـەم مەسـەلەیەو تێڕوانینـی تـۆ، لەڕاسـتیدا پـەیامی ڕاپۆرتەکەیە. ئەوەشـت لەبەرچاوبێت هەنـدێك کـات دوای ئامــادەکردنی زانیارییــەکانو خســتنەڕوویان، ڕەنگــە بگەیتــە ئــەنجامێکی بەدەرلــە گریمانــەی یەکەمت.

### ٣-لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری:

هـەواڵنێری شـارەزا بەمەبەسـتی دەردەسـتکردنی دۆڵەمەندییـــەکی زیـــاترو هـــەروەها شـــیاوی بەرگریبوونی ڕاپۆرتەکەی خۆی، پێویستە زانیـاریو دەرئـــەنجامی ئامـــاریی ورد کۆبکاتـــەوە لەڕێگـــەی کۆکردنـــــەوەی زانیـــاری، کتێـــبو سەرچـــاوە جیاوازەکانــەوە. ڕێگاکـانیـتریش بـریتین لـە بیـنین، هەڤپـــەیڤین، خوێندنـــەوە، ســودوەرگرتن لەپێگـــە میدیاییـەکانی ئینتـەرنێت و ...هتـد کـە هـەرکامیان لەشـــوێنی خۆیانـــدا دەتـــوانن ڕێگاوالاکـــەربن بـــۆ ڕۆژنامەنوسێکی شارەزا.

ئـەوەش لەبەرچـاوبگرە، لێکۆڵینـەوەکانی تایبـەت بـــە ڕاپۆرتێـــك، دەبـــێ تاکۆتـــایی ڕاپۆرتەکـــە هەرلەبەردەستدا بێت و هاوکات بەدوای دەستکەوتو زانیارییە نوێیەکاندا بگەڕێیت.

### ٤- خستنەڕووی زانیارییەکان:

لـــەم قۆناغـــەدا، هـــەواڵنێر تـــەواوی زانیـــاریو ماددەخـــاوە ئامادەکراوەکـــانی خـــۆی بـــەهاریکاریی کارناســـانو هـــەروا تەکنیکـــە بەراوردکارییـــەکانی

زانیـــاری، دیـــاریکردنی خاڵــە بەرجەســـتەکان، بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان ئامـار و زانیاریدا" دەخاتەڕوو.

لێرەدایـە کـە وەك وتارنوسـێك یـان هـەواڵنێرێك بەنوســینی مانشــێتە لاوەکییــە جۆربــەجۆرەکان، چوارچێوەی ڕاپۆرتەکەی خۆی دادەڕێژێت.

**٥-هەڵبژاردنی ناو:**

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە هەڵبـژاردنی نـاو و لیـدی گونجـاو بـۆ ڕاپۆرتەکـە، وەك هەڵبـژاردنی مانشـێتی یەکـەمی ڕۆژنامەیــەکی پــڕتیراژ ؛ گرنگــە. چــونکە لــەڕێی مانشــێتی گونجاوەوەیــە کــە دەتوانیــت پەیامەوەرگرەکانی خۆت ڕاکێش بکەیت.

مانشێتی ڕاپۆرت نابێ بەجۆرێك بێت کـە؛ هێڵـی گشتیو پەیامی ڕاپۆرتەکە ئاشکرا بکات.

**٦-نووسینی ڕاپۆرت**

بۆ نوسینی ڕاپۆرت، تۆ پێویستە ئاشنای سەرجەم تەکنیکە ڕۆژنامەنووسییەکان بیت وەکو هەواڵنوسین، هەڤپــەیڤین، وتارنوســـینش ...هتــد. بەمشــێوەیە

ئاسانتر بڕیار لەوە دەدەیت کە ڕاپۆرتەکەی خۆت لەچ چوارچێوەیەکدا بنوسیت.

### *جۆرەکانی ڕاپۆرتە رۆژنامەنوسییەکان

پۆلێنکردنی ڕاپۆرتەکان بۆ جۆری جیاواز، بۆ ئاسانکردنی کاری نوسینو هەروا جیاکردنەوەی ئاراستە جیاوازەکانی ڕاپۆرتی رۆژنامەنوسییە.

ئەم پۆلێنبەندییە بۆ چاپەمەنییە جۆربەجۆرەکانی وەك ڕۆژنامەکان، مانگنامەکان، وەرزنامەکان، گۆڤارەکانو بڵاوکراوە تایبەتمەندییەکانو ... هتد بەکاردەهێنرێتو ئەگەر تۆ بەشێوازی نوسینی هەرکام لەو جۆرە ڕاپۆرتانە ئاشنا ببیت، دەتوانیت لەبوارە جۆراوجۆرەکانی میدیادا، ئامادەگییەکی کارات هەبێت.

### ١-ڕاپۆرتی هەواڵی (ڕاپۆرتەهەواڵ):

ڕاپۆرتەهەواڵ لەڕاستیدا شێوەیەکی بەرفراوانتری هەواڵە کە تیایدا ڕیپۆرتەر هەوڵ دەدات لایەنەکانی ڕووداوو کارەساتێکی هەواڵیانە وەك کۆنفرانسە ڕۆژنامەنوسییەکان، بەڕێوەچوونی

مەراسیم، وتاردان، خۆپیشاندانو...هتد بە پەیامودرگرەکانی خۆی بڵێت.

## ٢- ڕاپۆرتی کۆمەڵایەتی:

ئەم جۆرە ڕاپۆرتە کە دەربارەی کۆمەڵگاو مەسەلەو کێشەکانی خەڵکە، ئامارو ژمارەی ئەنجامدارو زانیاری وەدەستهاتووی بەدواداچوونەکانی ڕیپۆرتێرە بەمەبەستی خستنەڕوو و ئاشکراکردنی ڕاستییە نوێیەکان بۆ پەیامودرگر.

## ٣-ڕاپۆرت لەشوێنێکەوە:

بەهەمانشێوەی کە لەناوەکەیەوە دێت، بابەتی سەرەکی ڕاپۆرتەکە بۆ ناساندنی شوێنێك یا ناوچەیەکی تایبەتییە بە تایبەتمەندییە هەرێمی یا جیوگرافیو کلتورییو دابونەریتەکانییەوە.

## ٤- ڕاپۆرت لەکەسێکەوە:

بەهەمانشێوەی ڕاپۆرت لەشوێنێکەوەیە. بابەتو بۆنەی ئەم ڕاپۆرتە، دەربارەی ناسینی زیاتری کەسێکی ناسراوو جێیبایەخی گشتییە.

بێگومان هەندێك كاتیش، هەندێ كەسی گومناو كە خاوەنی تایبەتمەندی بەرجەستەن، دەكرێ بابەتی ئەم جۆرە ڕاپۆرتە بن.

### ٥- ڕاپۆرتی گەشتو سەفەر:

گواستنەوەی زانیارە وەدەستهاتوو و سەرنجراكێشەكانی هەواڵنێر لەگەشتە جۆربەجۆرە سیاسییەكان، بەسەركردنەوەو یاخود گەشتوگوزارییەكاندا بۆ پەیاموەرگر، بابەتی سەرەكی ئەم جۆرە ڕاپۆرتەیە كە هەركۆنەوە لەئەدەبیاتی دێرینی ئەم وڵاتانەدا هەبووە.

### ٦-یادداشتنوسین:

لێكچوون لەنێوان ئەم جۆرە ڕاپۆرتەو ڕاپۆرتی گەشتوسەفەردا هەیە، بەڵام لەڕاستیدا یادداشتنوسین نوسینی بینینو ئەزموونە ڕۆژانەییەكانی نوسەرە.

بەمانایەكیتر دەكرێ بڵێین یادداشتنوسین، لە هەندێڕووەوە هاوشێوەی ڕاپۆرتەو لەهەندێڕوویترەوە هاوشێوەی وتارە. لەوێدا كە لە

یادداشتنوسیندا نوسەر بەشێوەیەکی گشتی ئارەزوو و بیروباوەڕە تایبەتییەکانی خۆی دەخاتەڕوو، دەکرێ بڵێین یادداشتنوسینەکە لە وتارەوە نزیکە. بەڵام زۆرینەی کات لەیادداشتنوسیندا، نوسەر ڕووداوەکانی دەوروبەری و هەروەها فاکتە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا یا ڕابردوو دەخاتەڕوو و لەمڕووەوە دەکرێ بڵێین؛ ئەمجۆرە دارشتنە بەشێکە لەمیتۆدەکانی ڕاپۆرت.

بەهەرحاڵ بەدڵنیاییەوە تۆ بەمجۆرە ڕاپۆرتنوسینە ئاشنایت، چونکە دەفتەری یادداشتەکانی زۆرینەی لاوان پڕە لەمجۆرە یادداشتنوسینانە کە بێگومان زۆرینەیان یادداشتێك دەنوسنەوە کە بەهاکانی هەواڵی تیادانییە.

لەڕاستیدا ئەگەر تۆ لەدەفتەری یادداشتەکانی خۆتدا ڕووداوەکانی ئەودیوی بازنەی خێزان بنوسیت، واتا باسکردنی ئەوەی لە کۆمەڵی ژینگەی دەوروبەرتاندا ڕوودەدا ، ئەوا هەنگاوێکی گەورەت بەرەو ڕاپۆرتنوسین ناوە. نمونەی باشی گونجاوی ئەمجۆرە ڕاپۆرتانە، دەستنوسەکانی نوسەرانی گەشتنوسەکانە وەك گەشتەکەی کلۆدیوس جیمس ڕیچ بۆ کوردستان لەساڵی (١٨٢٠)دا.

## ٧- ڕاپۆرتە زانستی-پسپۆڕییەکان:

لـەم جـۆرە ڕاپۆرتـەدا، هـەواڵنێر ڕووداوێکـی زانسـتی لـەبوارێکی تایبەتـدا شـی دەکاتـەوە، تـا لـەم ڕێگەیـەوە چـالاکیو سـەرکەوتنەکانی توێـژەرەوە یاخود دامەزراوەیەکی زانستی دەربخات.

بێگومـان هەنـدێك کـاتیش ئـەم ڕاپۆرتانـە بـەزمانێکی سـادەتریش بـۆ بڵاوکراوەگشـتییەکان ئامادەدەکرێت، بەشێوەیەك کە پەیاموەرگری سادەش تائەندازەیـەکی زۆر بتوانێـت لـە بابـەتی ڕاپۆرتەکـە بگات.

ئەو هەواڵنێرەی ئەمجۆرە ڕاپۆرتـە ئامادەدەکات، پێویسـتە خـۆی شـارەزابێت بـەجۆرێك کـە بتوانێـت لەچـەمكو زاراوەکـان بگـاتو سـادەیان بکـات بـۆ پەیاموەرگر.

هونـەری ڕیپۆرتـەر لـەم بـارەدا ئەوەیـە کـە بـەجۆرێك بچـێتەناو باسـەکەوە، تـا بابەتەکـە بـۆ خوێنەر سادەو تەنانەت هەستیاریش بکات.

## ٨- ڕاپۆرتی وێنەیی:

بەهەمانشێوەی لەناوی ئەم ڕاپۆرتەوە هاتووە، لەمجۆرە ڕاپۆرتەدا زانیاریو فاکتەکان لەڕێگەی وێنەکانەوە بۆ پەیاموەرگر دەگوازێتەوە.

خاڵی بنچینەیی بۆ ئەم ڕاپۆرتانە ئەوەیە کە هەواڵنێر، پێویستە ئەوە بزانێت هەرلەبنەڕەتدا تەواوی ڕووداوەکان توانای گۆڕینیان بۆ وێنەو ڕاپۆرتی وێنەیی نییە. بۆ نمونە ڕاپۆرت لەبارەی دانیشتنێکی کارناسانەوە، توانای بەوێنەکردنی نییە بەلاّم ڕووداوی وەك بومەلەرزە، لافاو، ڕێپێوان، مەراسیمی پێشوازیو...هتد ئەم توانایەی هەیە.

خاڵێکیتر ئەوەیە کە وێنەگر پێویستە خاوەنی دیدی رۆژنامەنووسیو ڕیپۆرتەریی بێت، بەجۆرێك بتوانێت هەمان ئەو کارەی ڕیپۆرتەر بەپێنوسەکەی ئەنجامی دەدات، ئەو بە زوومی کامێرا ئەنجامی بدات.

نوسینی ڕوونکردنەوەی وێنە لەڕاپۆرتەکانی وێنەگردا، یەکێکە لەپێداویستییەکانی کاری رۆژنامەنووسی. بەمشێوەیە خوێنەر یاخود بینەری

وێنەکـە بەتـەواوی دەچـێتە نـاو نـاوەرۆك‌و کرۆکـی ڕاپۆرتەکەوەو هەندێکیش -لەڕووداوە سروشتییەکانی وەك لافـــاو و بومەلـــەرزە- لـــەقوڵی کارەســـاتەکە گەیشتووەو بەوێنە پەیوەندی دروست دەکات.

## پاری شەشەم:

## (مانشێت)

لەپێناسی مانشێتدا وتویانە: مانشێت پوختەی گرنگترین مەبەستی بەشەکەیە کە بەشێوەیەکی وردو ڕۆشن خرابێتەڕوو، بەمانایەکیتر مانشێت پێویستە بەکەمترین وشە زۆرترین مانا بگەیەنێت.

بەهەمانشێوەی کە لەتایبەتمەندی "لید"دا وتمان: "لید خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقی هەواڵەکە هان دەدا"، پێویستە بگوترێت: " مانشێتی هەواڵ دەبێ خوێنەر بۆ خوێندنەوەی لیدەکە هان بدات".

مانشێت لەڕاستیدا پوختەکراوی ڕەگەزە سەرنجڕاکێشەکانی هەواڵەکەیە کە بەهۆیەوە، خوێنەر بۆ هەواڵەکە کێش دەکرێت.

جیاوازی مانشێت لەگەڵ "لید"دا ئەوەیە کە مانشێت ڕستەیەکی کورتو چڕکراوەیە، لەکاتێکدا "لید" هەمان بابەت لە یەك یاخود دوو ڕستەی درێژخایەندا دەخاتەڕوو.

یــەکێك لــە ڕۆژنامەنووســەکان، پســپۆڕێتی مانشــێتیان بــە قولابێــك هاوشــێوەکردووە کــە بەوهۆیــەوە هــەواڵنێر دەتوانــێ خوێنــەر بخاتــە داوی خوێندنەوەی هەواڵەکەیەوە.

یــەکێك لەئامانجــەکانی مانشــێت، جیاکردنــەوەی بابەتــە جیاوازەکــانی ڕۆژنامــەو گۆڤارەکانــە لەیــەکترو دروســـــتکردنی ئاســـــانکارییە بـــــۆ هەڵبـــــژاردنو خوێندنەوەی بابەتەکە.

لەڕاســـتیدا خوێنـــەر بەخوێندنـــەوەی مانشـــێتە جۆربــەجۆرەکان، بابەتــە سەرنجڕاکێشــەکان بۆخــۆی هەڵدەبژێرێت.

بەمانایـــەکیتر دەکـــرێ بڵـــێین مانشـــێت لـــەم سەردەمەدا، وەك نیشانەکانی ڕێنمـایی سـەر شـەقامو جادەکان وایە کە ڕێنمایی شۆفێرەکان دەکات.

***ڕێساکانی نوسینی مانشێت:**

١-مانشـێت پێویسـتە لەگـەڵ بابـەتی هەواڵەکـەدا، هەماهەنگو گونجاو بێت.

٢-لەنوســینی مانشــێتدا، پێویســتە زاراوە ئاشــناو شیاوەکان بەکاربهێنرێت.

٣- مانشێت پێویستە ڕۆشن، وردو ئاشكرا بێت.

٤- مانشێت بەشێوەیەكی گشتی، پێویستە (كار)ی لەخۆگرتبێت.

٥- نابێت وشەكان لە مانشێتدا دووبارەببنەوە.

٦- وەك "لید"، مانشێت هەتا كورتتر بێت باشترە.

٧- لەكۆتایی مانشێتدا خاڵ دانانرێت.

***شێوەی مانشێت**

مانشێت پێویستە ڕاشكاو و ئاشكرا بێتو پەیامی هەواڵەكە بەرۆشنی ڕابگەیەنێت.

بەشێوەیەكی گشتی مانشێتە گشتگیرو نادیارەكان، كە بەبێ بەكارهێنانی "كردار- فعل" دەنوسرێت، پەیامی هەواڵەكە بەشێوەیەكی كەمتەرخەم دەخاتەڕوو. بۆ بابەتی هەواڵ، پێویستە خۆبپارێزرێت لەنوسینی مانشێتە گشتگیرییەكانو پەیامەكە بەشێوەیەكی ڕاشكاو ڕابگەیەنێت.

بۆ نمونە سەرنج بدەرە ئەم مانشێتە:

**کۆنگرەی ڕێزلێنان لە لەتیف هەڵمەت لەسلێمانی**

ئەم مانشێتە نادیارە، دەستنیشانی ناکات کەئەم کۆنگرەیە بەڕێوەچووەو یاخود لە چ کاتێکدا بەڕێوەدەچێت.

پێویستە سەرنجی ئەوەبدرێت کە مانشێت هەمیشە دەبێ بەشێوەی سەربەخۆو بەبێیاریدەدەر، مانایەکی تەواوی هەبێتو خاڵی بێت لەنادیاریی، چونکە مانشێت بنەچەی هەواڵە. تەنانەت کاتێك کە مانشێت بەشێوەی "گوێزەرەوەی وتە" دەنوسین، پێویستە مانشێت خاوەنی مانایەکی دەستنیشانکراو بێت. بەم پێیە، مانشێتە نادیارەکەی سەرەوە، بەزیادکردنی "کردار- فعل"ێك، مانا پەیدا دەکات.

**کۆنگرەی ڕێزلێنان لە لەتیف هەڵمەت سبەینێ لەسلێمانی بەڕێوەدەچێت**

## *بەشەکانی مانشێت

لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بۆ بەشێك لەبابەتو هەواڵەکە، سەرەڕای مانشێتی سەرەکی، مانشێتیتر بە فۆنتی بچوك لەسەرەوەو خوارەوەی مانشێتی سەرەکیدا دەنوسن کە بریتین لە:

***مانشێتی سەرەکی:** یاخود مانشێتێك کە گرنگترین ناوەرۆکی هەواڵەکە دەخاتەڕوو.

لەهەندێك لەهەواڵەکاندا، ئەم مانشێتە، تەنها مانشێتی هەواڵەو بەوهۆیەوە بەگەورەترین فۆنت بەبەراورد لەگەڵ مانشێتە لاوەکییەکاندا دەنوسرێت. بۆنمونە:

**بەردەوامبوونی جەنگ بەرەو تکریت**

***سەرمانشێت:** سەرمانشێت، مانشێتێکە کە لەسەروو مانشێتی سەرەکییەوە دادەنرێتو بەفۆنتی بچوکتر دەنوسرێت.

لەڕاستیدا، سەر مانشێت، پێشەکی یاخود پاشەکی مانشێتی سەرەکیو یاخود بەشێوەی سەربەخۆیە. پێویستە بەجۆرێك بێت کە بەدانانی، زیان لە مانشێتی هەواڵەکە نەگەیەنێت. بۆ نمونە:

سەرمانشێت:

**لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە ڕاگەیەندرا:**

مانشێتی سەرەکی:

**تێکۆشان دژ بەگەندەڵی ئابوری توندتر دەبێت**

***ژێرمانشیت:** ژێر مانشێت، بەشێوەیەکی گشتی دوای مانشێتی سەرەکی دێتو بەفۆنتی بچوکتر

دەنوسـرێت. بابـەتی ژێـر مانشـێتەکە، دەتـوانرێ تەواوکەری مانشێتی سـەرەکیو سەرمانشێتو یـاخود سەربەخۆ بێت لەوان، بۆ نمونە:

سەرمانشێت:

**لەلایەن سەرۆك كۆمارەوە ڕاگەیەندرا:**

مانشێتی سەرەکی:

**تێکۆشان دژ بەگەندەڵی ئابوری توندتر دەبێت**

ژێرمانشێت:

**دووەمین دادگای گەندەڵی ئـابوری لـەکۆتایی ئـەم هەفتەیەدا بەڕێوەدەچێت**

***لامانشێت:** لەهەندێکجاردا کە هەواڵەکـە درێـژەو بابـــەتی هەمەچەشـــنەی لـــەخۆگرتووە، دەکـــرێ پوختەیـــەك لـــە بابەتەگرنگـــەکانی دوای مانشـــێتی سەرەکیو ژێرمانشێت، بەشـێوەی ڕسـتەی سـەربەخۆ بخرێتەڕوو.

بەپوختـەی مانشـێت لـە زاراوەی رۆژنامەوانیـدا، دەوتـرێ (لامانشـێت) کـە بەئەسـتێرە یـاخود خـاڵی گەورە لەسەرەتای ڕستەکەدا دیاری دەکرێت.

## پاری حەوتەم:

## هەڤپەیڤین

لــە هەڤپەیڤینــدا ڕۆژنامــەنووس بەشــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ ئاگـــاداری بیروبـــاوەڕ، هرزەکـــانو..ی پەیڤدەر دەبێت.

هەڤپـەیڤین یەکێکـە لەشـێوەکانی بەدەسـتهێنانی زانیاری نوێ لەبارەی مەسەلەو بابەتەکانی ڕۆژەوە.

هەڤپـــەیڤین لەســـەر بنـــەمای پرســـیارو وەڵامـــی نێـــوان ڕۆژنامـــەنووسو پەیڤـــدەردا دەبێـــت، و ئامانجەکەشـــی ئاشـــکراکردنی هەقیقەتـــە لەڕێگـــەی بەدەســـتهێنانی زانیـــاری نـــوێ یـــاخود کـــاملکردنی بابـــــەتێکی جێمەبەســـــتی ڕۆژنامەنووســـــەکەو ئاگاداربوونـە لـە بیروبـاوەڕ یـان ناسـینی کەسایەتیو تایبەتمەندییەکانی ئەو.

لەســەرئەم بنەمایــە زاڵبــوونی پەیڤــدەر بەســەر مەسەلەکەدا، ڕێژەی مەعریفەی ئەو دەربارەی بابەتە جێمەبەستەکە، توانای ئەو لەخستنەڕووی پرسـیارە

گـرنگو سەرنجڕاکێشـەکاندا؛ ڕۆڵـی بنچـینەیی لـە سەرکەوتنی هەڤپەیڤینەکەدا هەیە.

هەڤپـــەیڤین دەســـتی ڕۆژنامـــەنووس بـــۆ بەدەستهێنانی هـەواڵو زانیارییـەکان، دەکاتـەوە. واتـا کاتێــك ئێمـــە لەگـــەڵ کەســـێکدا، مەبەســـتی هەڤپـــەیڤینمان هەیـــە، دەتـــوانین بنچـــینەیترین پرســـــیارەکانیش بخەینـــــەڕوو و وەڵامەکەشـــــی دەســتبخەینەوە. بـەڵام ئەگـەر بڕیـار وابـێ لـەبارەی هــەمان بابەتــەوە، ڕاپۆرتێــك ئامــادە بکــەین، ئــەم ڕاپۆرتــە ڕاســتگۆییو متمانەیــەکی ئــەوتۆی نییــە. چونکە بەشـێك لەپێکهاتـەی ڕاپۆرتەکـە، تێگەیشـتنە تایبەتییەکانی ڕۆژنامەنووسـەو ئەمـەش هـەمان ئـەو متمانەیەیـــە کـــە هەڤپـــەیڤین هەیـــەتیو ئـــەم مەســـەلەیەش پەیوەندییـــەکی ڕاســـتەوخۆی لەگـــەڵ ڕاســـــتگۆیی، ڕازداریو دارشـــــتنی لێهاتووانـــــەی ڕۆژنامەنوســـییەکەی ئـــەوەوە هەیـــە کـــە ڕێکخـــەری هەڤپەیڤینێکی زیندوو و بەڵگەدارە.

## *جۆرەكانی هەڤپەیڤین

### ١-هەڤپەیڤینی زارەكی:

جـۆرە هەڤپەیڤینێكـە كـە لـەنێوان دوو كـەس یاخود كەسێك لەگەڵ گروپێكدا ئـەنجام دەدرێت، و پرسـیارو وەڵامەكـە ڕووبـەڕوو دەخرێتـەڕوو كـە دەتـوانرێ ئـەمجۆرە هەڤپەیڤینـە لـە كـۆنفرانسو یاخود كۆنگرە رۆژنامەنووسییەكاندا ببینرێت.

### ٢- هەڤپەیڤینی نوسراو:

هەڤپەیڤینێكە كە بەشێوەی نوسراو یـا بەشـێوەی پرسـیارنامە، لەلایـەن رۆژنامەنووسـەكەو پەیڤدەرەكەوە ئەنجام دەدرێت.

### ٣- هەڤپەیڤینی بەربلاو:

لەكاتێكـدا ئـەنجام دەدرێـت كـە ئامـانج لـە هەڤپەیڤینەكە، بەدەستهێنانی تێڕوانینو بیروباوەڕی پەیڤدەرەكە بێت كـە بـۆ جێگیركردنـی وەڵامـەكانی خۆی دەخرێتەڕوو.

**٤- هەڤپەیڤینی ڕێنمایی:**

هەڤپەیڤینێکە کە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیەو پرسیارو وەڵامەکان تـەنها لـەدەوری تـەوەرەی بابـەتی هەڤپەیڤینەکەدایەو زیاتر ناڕوات.

**٥- هەڤپەیڤینی ئازاد:**

هەڤپەیڤینێکـە کـە پەیڤـدەر لەوەڵامدانـەوەدا ئـازادەو تەنانـەت لەهەنـدێکجاردا، پرسـیارەکانیش خۆی دەیخاتەڕوو.

ئـەمجۆرە هەڤپەیڤینـە بەشـێوەیەکی گشـتی بـەئامادەبوونی کارناسـێك لـەناو کۆمەڵێکـدا ئـەنجام دەدرێت،و وەڵامـە بـەربڵاوو پرسیارەکانی دواتـریش، لەناو وەڵامەکاندا دەردەهێنرێت.

**٦-هەڤپەیڤینی داخراوو کراوە:**

لـە هەڤپـەیڤینی داخـراودا، وەڵامـەکان لەلایـەن پەیڤـدەرەوە تـەنها لەسـنوری "بـەڵێ"و "نـەخێر"دا دەبێـت کـە لەلایـەن رۆژنامەنووسـەکەوە کـۆنترۆڵ کـراوە. بـەڵام لـەجۆری دووەمـدا واتـا هەڤپـەیڤینی کـراوە، پرسـیارەکان گشـتییەو پەیڤـدەر وەڵامـەکان بەشێوەی پێناس و شیکردنەوە دەیخاتەڕوو.

**٧- هەڤپەیڤینی هەواڵی:**

لـەم هەڤپەیڤینـەدا، ئامـانج لـە هەڤپـەیڤین، بەدەســتهێنانی زانیـاریو هەواڵەکانــە لەڕێگــەی پەیڤدەرەوە.

بـۆ نمونــە، هەڤپـەیڤین لەگـەڵ شـایەتحاڵەکانی ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە یان بومەلەرزەدا.

**٨- هەڤپەیڤینی خێرا:**

هەڤپەیڤینێکە کە دەربارەی بابەتێکی ڕۆژ ئەنجام دەدرێت.

**٩- هەڤپەیڤینی شیکاری:**

ئامـــانج لـــێ، بەدەســـتهێنانی تێـــڕوانینو بیروباوەڕەکـــانی کەســـێکە دەربـــارەی خـــۆی یـــان کەسێکیتر یاخود بابەتگەلێکی دەستنیشانکراو.

## *قۆناغەکانی ئەنجامدانی هەڤپەیڤین

### ا: بەرلە هەڤپەیڤین:

ڕۆژنامـەنووس بەرلـە ئەنجامـدانی هەڤپـەیڤین، پێویسـتە زانیارییـەکی پـوختی دەربـارەی بابـەتی هەڤپەیڤینەکەو پەیڤدەر بەدەست بهێنێت تالەکاتی هەڤپەیڤیندا بتوانێت سود لەم زانیارییانە ببینێت.

ڕۆژنامـەنووس بەرلەئەنجامـدانی هەڤپەیڤینەکـە دەبـێ کاتەکـەی لەگـەڵ پەیڤـدەردا دیاریبکـات. پرسیارەکان لەپێشدا بخاتەڕوو و تەواوی پێداویستیو ئامرازە پێویستەکان وەك کامیرا، تۆمارکەر، پێنـوس، کاغەز، باتریو...هتد ئامادەبکات.

پرسـیارەکان پێویسـتە بـەجۆرێك خرابنـەڕوو کـە بابـەتو نـاوەرۆکی پرسـیارەکە بـۆ پەیڤـدەر ڕۆشـن بێـت، چـونکە ڕوونو ڕێکخراوبـوونی پرسـیارەکان لەپێکهاتنی هەڤپەیڤینێکدا؛ زۆر کاریگەرە.

**ب: ساتی هەڤپەیڤین:**

ئامادەبوون لەوادەی خۆیدا لەکاتی هەڤپەیڤیندا، لەڕێبازە سەرەتاییەکانی هەڤپەیڤینی چاپەمەنییەو ڕۆژنامەنووس بەم کارەی خۆی، ڕێز لەپەیڤدەرەکە دەگرێت.

کاتێك کە دەچیتە شوێنی کاری پەیڤدەرەکەوە یا ماڵەکەیەوە، دەبێ بەچاوێکی کراوە تەواوی گۆشەو کەنارو تەنانەت شێوازی ڕەفتارو تەرزی وەڵامدانەوەکان لەبەرچاوبگرێت.

ئەنجامدەری هەڤپەیڤین، سەرەڕای تۆمارکردنی هەڤپەیڤینەکە، دەبێ کورتەیەك لەوەڵامەکانیش یادداشت بکات تا لەکاتی پێویستدا بەسەیرکردنی هەمان ئەو یادداشتانە، بتوانێت پرسیاری نوێ بخاتەڕوو.

**ج- دوای هەڤپەیڤین:**

یەکێك لەگرنگترین قۆناغەکانی هەڤپەیڤین، ڕێکخستنییەتی.

ڕێکخستنی هەڤپەیڤینێك لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە هەڤپەیڤینەکە کۆتایی هاتبێت، و ڕۆژنامەنووسەکە لەژینگەیەکی ئارامدا ئەوەی بینویەتیو بیستوویەتی؛ بینوسێتەوە.

لەبنەڕەتدا، ڕێکخستنی هەڤپەیڤین نابێ بەچەندین ڕۆژ دوای ئەنجامدانی هەڤپەیڤینەکە ئەنجام بدرێت. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە هەندێ لەکەشەکە لەزەینی ڕۆژنامەنووسەکە، دووربکەوێتەوە. هەربۆیەشە لایەنی کەم یەك یا دوو ڕۆژ دوای ئەنجامدانی هەڤپەیڤینەکە، دەبێ ڕێکبخرێت.

لەڕێکخستنی هەڤپەیڤیندا، دەبێ ئەم بابەتانەی ژێرەوە لەبەرچاوبگیردرێت:

١- پێشەکییەکی ئەدەبی لەشوێنی ژیانی پەیڤدەرەکەوەو یا بابەتی هەڤپەیڤینەکە باس بکرێت. بەمشێوەیە خوێنەریش ئیتر تێکەڵاوی ڕووداوەکانی هەڤپەیڤینەکە دەبێت. سەرنج بدەرە ئەم دەقە[٧]:

---

[٧] -- ئەم نمونە کوردییە هی خودی نوسەری کتێبەکەیە. (و- ك).

(کێوە بەبەفرداپۆشراوەکانی کوردستان، هێشتاش سەدای هەناسەکانی پیاوێك دەبیستێت کە ڕۆژگارێك بەمەبەستی تێکۆشان دژ بەدوژمن پیایدا هەڵدەزنا. شەهید مەحمود کاوە کە زۆربەی کەس ئەو بەسەرۆکی کوردستانی دەزانن، لەهەزاران کیلۆمەتر دوورتر لەنیشتمانی کوێستانو بەبەفرداپۆشراوی کوردستان و لەشاری پیرۆزی مەشهەد لەدایکبوو و یەکەمین وێنای ژیانی لەگەڵ گومەزی ئاڵتونینی حەرەمی هەشتەمین ئیمامی شیعەدا خۆی ئاوێتەکردو...)

٢- پرسیارەکانی هەڤپەیڤینەکە بەجۆرێك ڕێکبخرێت، کە ڕیزبەندکردنی کات لەبابەتەکاندا تێکەڵاو نەبێت.

٣- ڕیزبەندکردنی گشت پرسیارەکانی هەڤپەیڤینەکە، دەتوانرێ پێچەوانە بکرێتەوە، لەبەرئەوەی کە ڕۆژنامەنووس خۆی دەزانێت کە ئامانج لەخستنەڕووی پرسیارەکان، چی بووەو هەروەها دەتوانێ ناوەرۆکی پرسیارەکەش بگۆڕێت.

٤- لـەكۆتايی ڕێكخسـتنی هەڤپەيڤينەكـەدا، دەبـێ هەوڵ بـدرێت بەرەچاوكردنی دەقی هەڤپەيڤينەكە، مانشێتێكی گونجاوی بۆ هەڵببژێردرێت.

## پاری هەشتەم:

## وتار

لەپێناسی وتاری رۆژنامەنووسیدا، دەڵێین: (وتاری رۆژنامەنووسی نوسینو بەرفرەکردنی بیروباوەڕو تێڕوانینە بەسودوەرگرتن لەبابەتێکی هەواڵیو بەکارهێنانی میتۆدە ڕاستەکانی نوسین، بەڕەچاوکردنی سیستەمێکی لۆژیکیو پوختە).

لەتایبەتمەندییەکانی وتارە رۆژنامەنووسییەکان، یەکەم (هەواڵیبوون)ە و پاشان (پوختیو کورتبوونیان)ە.

وتارە رۆژنامەنووسییەکان، دەبێ بۆ گشت خەڵك سەرنجڕاکێش بێت.

پەیدابوونی وتارنوسین لە ڕۆژنامەنووسیدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەرکەوتنی ڕادیۆو تەلەفزیۆنو گەشەکردنی ڕاگەیاندن لەلایەن ئەم میدیایانەوە.

لەم سەردەمەدا رۆژنامەکان ناچاربوون لەبەرامبەر ئەم میدیا سەرتاپاگیرانەدا — کە لەکەمترین کاتدا هەواڵیان دەگوێزایەوە- بەرەو ئاراستەیتری خۆی واتا ڕەخنەو تێڕوانین سەبارەت بەهەواڵەکان بڕۆن.

### *جۆرەکانی وتاری رۆژنامەنووسی:

هەرچەندە دەکرێ وتارە ڕۆژنامەنووسییەکان لەسەربنەمای بابەتو بیرۆکە وەك:(سیاسی، ئابوری، کلتوریو..) پۆلێنبەندی بکرێت، بەلاّم ئامانج لەم پۆلێنبەندییە بەم شێوەیەی خوارەوە، تۆ ئاشنا دەکات بە جیاوازییە تەکنیکییەکانی ناو هەریەك لەم جۆرە وتارانە.

لەبنەڕەتدا وتارە رۆژنامەنووسییەکان بۆ سێ کۆمەڵەی گشتی: (وتارە سادە هەواڵییەکان- وتارە خەیاڵی، چیرۆکی و وەسفی- وتارە زانستییە، تەحقیقییەکان) دابەش دەکرێن کە هەرکامیان پێکهاتووە لەم کۆمەلاّنەیتریش.

***وتارە سادە هەواڵییەکان:**

**١- سەروتار (**Editorial**):**

وتارێکـە کـە لەبڵاوکراوەکانـدا، بەشـێوەیەکی گشـتی جێگەیـەکی جـێگیری هەیـە. ناوەرۆکەکـەی دەربـارەی یـەك بابـەت یـا ڕووداوێکـی هەواڵییـە، و خـاوەنی بـارێکی یاسـاییە بـۆ بڵاوکراوەکـەو بەرپرسیارێتی دروست دەکات.

بۆ نمونە بنۆڕە سەروتاری ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نوێ دەربارەی ( کورد لەپرۆسەی هەڵبژاردندا).

لەیەکـەمین سـەروتاردا، دەبـێ هۆکارەکـانی بڵاوبوونـەوە، ئامـانج لەبڵاوکردنـەوەی و خوێنـەرانی بڵاوکراوەکەو ئەوجۆرە شتانە ڕوون بکاتەوە.

**٢-ڕا (**Opinion**):**

لەسـەرتاپاگیرترین وتـارە کورتـە ڕۆژنامەنوسـییەکانە کـە بەشـێوەیەکی گشـتی، جێگەیـەکی جـێگیری نییـە، مەگـەر بەشـێوەیەکی بەردەوام بنوسرێت.

بڵاوکردنـەوەی ئـەم جـۆرە وتارانـە، هەمەچەشـنەیەو لـەڕووی قـەوارەوە، بەشـێوەیەکی گشتی بەئەندازەی ستونێکی ڕۆژنامەیە.

ئـەم جـۆرە وتارانـە بەناونیشـانی جۆراوجـۆری دیـدگا، تێـڕوانین، سـەرنج، ڕای ڕۆژو.... بەچـاپ دەگەیەندرێتو تەنها تێڕونینـی نوسـەر دەخاتـەڕوو. سـتونی (مەسـەلەی توتنەکـە)ی (سـتران عەبـدوڵڵا) لەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، نمونەیەکە لەمە.

**٣- لێکدانەوەو ڕادەربڕین (Commentory):**

ڕاپـۆرتی هـەواڵو ڕووداوەکـان، بەخسـتنەڕووی بیروبـاوەڕو تێڕوانینـی نوسـەر، بەلێکدانـەوە ناودەبرێت.

نوسەر لەلێکدانەوەدا، وەڵامی ڕەگەزی (بۆچی)ی دەداتـەوە. هـەروەها ڕەنگـە ئـەم ڕووداوە هەواڵییـە ڕووی دابێـت یـا لەئاینـدەدا ڕووبـدات. هەرچـەندە لـەدابی ڕۆژنامەنووسـیدا، لێکدانـەوە تـەنها ڕووداوە سیاسییەکان لەخۆدەگرێت.

لەبنەڕەتدا، لێکدەرەوە (نوسەر) هیچکات بڕیـاری کۆتایی نادات.

**٤- شیکردنەوەو خستنەڕوو (Interpretxtion):**

شـیکردنەوە، وتارێکـە کـە نوسـەر تیایـدا هـەوڵ دەدات تـا هـۆو چـۆنییەتی ڕوودانـی هەواڵـەکانو ڕووداوەکان، بەبێئەوەیکە تێڕوانینـی کەسێتی خـۆی

تێکەڵ بکات، شی دەکاتەوەو دەیخاتەڕوو و پێکەوە وەڵامی ڕەگەزە هەواڵەییەکانی (بۆچی)و (چۆن) دەداتەوە.

شیکەرەوە (نوسەر) دەبێ زانیارییە هەواڵییەکان بەشێوەی ئەڵقەی زنجیر پێکەوەببەستێتەوە کە خوێنەر لەلابەلای شیکردنەوەکانی ئەودا، ڕووبەڕووی هیچ دابڕانو ئاڵۆزییەك نەبێتەوە.

بنۆڕە وتاری (سیاسەت لەنێوان ئاڵوگۆڕو لێداندا)ی م. ڕێبوار سیوەیلی کە لەژمارە (١١)ی گۆڤاری ڕەهەندا بلاوبۆتەوە.

**٥- ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسیانە:**

ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی، هەڵسەنگاندنو دادوەریکردنە دەربارەی ڕووداوێکی هەواڵی، هونەری، ئەدەبی، سیاسیو ڕووناکبیری کە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەخاڵە پۆزەتیڤو نیگەتیڤەکانی ئەو ڕووداوە، ئەنجام دەدرێت.

ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسیانە ئاڵۆزییەکان، دژوارییەکانو میتۆدە زانستییەکانو ڕەخنەی ئەدەبیانەیان نییە لەبەرئەوەی کە سەرجەم کۆمەڵگا خوێنەریەتی.

جیاوازی ڕەخنەی رۆژنامەنووسی لەگەڵ ڕەخنەی ئـــــەدەبی لـــــە کورتوپوخـــــت، تەوســـــیفیو هەواڵیبوونەکەیدایە.

جۆرەکانی ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی بریتین لە:

**ا: ڕەخنەی فیلم:**

لەڕاســـــتیدا هەڵســـــەنگاندنی فیلمێکـــــەو ڕەخنـەگریش کەسێکە کـە بەپشـتیوانی هۆشمەنـدی، ئـەزموون، هەسـتو زانسـتەوە هـەوڵ دەدات چـاکیو کەموکورتییـــەکانی بەرهـــەمێکی هونـــەری (فـــیلم) هەڵبسەنگێنێت.

دوو جۆرە میتـۆد، بـۆ ڕەخنـەی فیلمەکە هەیـە. لـەمیتۆدی نـاوخۆیی دا ڕەخنەگرەکـە، فیلمەکـە وەك دیاردەیـــەکی سۆســـیۆلۆجیانە دەیداتـــە بەرســـەرنج، بـەڵام لـەمیتۆدی دەرەکیـی دا، ڕەخنـەگر بایـەخ بـە هەڵســـەنگاندن، دادوەریکـــردنو لێکدانـــەوەی لایەنـــە هونەرییەکانی فیلمەکە دەدات.

**ب: ڕەخنەی نمایش:**

ڕەخنـــەی نمایشـــی یـــا بەشـــێوەی ڕەخنـــەگرتن لەفاکتەرە ناوەکییەکانو بیرکردنەوەی نمایشـەکەو یـا

بەشێوەی ڕەخنـەگرتن لەفاکتـەرە ڕواڵەتییـەکان وەك ئەکتەر، سەرتەختی شانۆو... دەخرێتە ڕوو.

**ج: ڕەخنەی شیعر:**

شیعر گوزارشتە لەبیرکردنەوەو پەیامێك کە نابێ پێکهاتـــەی وشـــەکان، وێنـــای خـــەیاڵ، ڕیتمـــی زاراوەسازیو... لەچاوی ڕەخنەگرەکە بەدووربێت.

**د: ڕەخنەی کتێب:**

لەڕەخنـــەگرتن لەکتێبـــدا، ســـەرەڕای پـــەیامو بیرکردنــەوە کۆمەڵایەتییــە دەرکەوتــەکانی، فاکتــەرە تایبەتییەکانی بەرهەمەکەش دەخرێتەبەر سەرنج.

## *وتارە وەسفی، خەیاڵیو چیرۆکییەکان

ئـەم وتارانــە لـەزەینی نوســەرەوە دێتەبەرهـەم، بـــەڵام خەیاڵکردنـــەوەی تیـــادا نییـــە، بـــەڵکو ئەو خیاڵکردنەوەیە ڕێگەیپێدەدرێت کە بەرجەستە بکرێت، ئەو خەیاڵەی کە خوێنەر بتوانێ تێی بگات.

تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە وتارانە بریتین لە:

**١- وێناسازی:**

وێناسازی لەم وتارانەدا لەباڵاترین سنوری خۆیـدا دەخرێتەڕوو.

**٢- سروشتی نوسەرایەتی‌و چیرۆکنوسی:**

نوســەری ئــەم جــۆرە وتارانــە، لەگۆشــەنیگای چیرۆکەوە دەنۆڕێتە بیرۆکە هەواڵییەکان‌و بکەرەکانی ڕووداوەکە وەك ڕۆڵەکانی چیرۆك دایدەڕێژێت.

**٣- خەیاڵکردنەوەی ڕێگەپێدراو:**

خەیاڵکردنەوە تا ئەو شوێنە ڕێگەی پێدراوە کە خوێنەر بتوانێت پەیوەندی لەگەڵدا بەرقەرار بکات. خەیاڵکردنــەوەی گــەورەو نەشــیاو لــەم وتارانــەدا جێگــەی نابێتــەوە. خەیاڵکردنــەوەی ڕێگەپێــدراو ئەوەیە کە ڕووی نەدابێت بەڵام ئەگەری دەرکەوتنی هەبێت.

**٤-خستنەڕووی چیرۆکیانە:**

هەرچــەندە ئــەم وتارانــە زۆرینــەیان ڕەهەنــدو تایبەتمەندییــەکانی هونــەری چیرۆکیان هەیــە، بــەڵام پەیوەنـــدی ڕاســـتەوخۆیان لەگـــەڵ هـــەواڵو پوختەکەیـــدا، بۆتەمایـــەی جیاکردنـــەوەیان لەکورتەچیرۆك.

وتـــارە وەســـفی‌و چـــیرۆکییەکان، زۆرینـــەیان بەمەبەســـتی ڕاکێشـــکردنی خوێنـــەری زیـــاتر، ڕاکێشــکردنی خوێنــەرانی منــداڵو لاوان، تێکۆشــان

دژبە سانسۆر، داپۆشینی لاوازییەکانی دەلالەتەکان بەوێناسازی (سانسۆر یا لاوازی وتارنوسین)؛ بەکاردێن.

## *وتارە بەدواداچوون و زانستییەکان

وتارە زانستی، بەدواداچوونی، ئاماریو فێرکارییەکان، وتارگەلێکن کە لەسەربنەمای بەدواداچوونو ئامار دەربارەی مەسەلە زانستیو پسپۆڕییەکان دەنوسرێنو زۆرینەیان لەبڵاوکراوە پسپۆڕییەکاندا چاپ دەکرێن.

ئەم وتارانە خاوەنی زمانێکی زانستیو پسپۆڕین کە تێگەیشتنیان لای خەڵکانی ئاسایی دژوارە.

## *شێوازی نوسینی وتار:

خستنەڕووی پەیام لەوتاردا، بەلەبەرچاوگرتنی لێوەشاوەییو خواستی خوێنەر، هەڵبژاردنی دروستی بڵاوکراوە بەرچاوکردنی بابەتو لەئەنجامدا ئەوەیکە لەکوێو بۆ چ کەسێك دەنوسین، ئەو بابەتانەن کە وتارنووسی دەستپێکەر دەبێ زیاتر بایەخی پێبدات.

خـالّی بنچـینەیی لەوتارنووسـیدا ئەمەیـە کـە وتـارنوس، خـاوەنی بیرۆکەیـەکی ڕاسـتەقینەو هـەروا بیرۆکەیـەکی ئەفسـوناوی بێـتو پێویسـتە لـەخۆگری پـەیامێك بێـت کـە هـەمان بیروبـاوەڕی ئـەو کەسـە نوسەرەیە دەربارەی بابەتەکە.

پسپۆڕانی ڕۆژنامەوانی، (٨) هەشـت قۆناغیـان بـۆ نوسینی وتـار دەستنیشان کـردووە کـە ئـەم قۆناغانـە یەك لەدوایەك بەمشێوەیەن:

**١- دۆزینەوەی بابەت:**

وتار بەبێ بابەتو بیرۆکە؛ چەمكو مانـای نییـە. وتارنوسێکی لێهاتوو، بەسودوەرگرتن لـە بـیرەوەریو ئەزموونــــە تایبەتییــــەکانی خــــۆیو ئــــەوانیتر، سـودوەرگرتن لـە بڵاوکراوەکـان، هەواڵـەکانی ڕادیـۆو تەلـەفزیۆنو تەنانـەت ڕیکلامـە پروپاگەندەییـەکان، دەتوانـێ بابەتگـەلێکی نـوێو سـەرنجڕاکێش وەدەسـت بهێنێت.

بۆ نمونە گفتوگۆ لەگەڵ شۆفێرێکی تاکسیدا کە بیرەوەرییەکی کورت دەگێڕێتەوە، یا تەنانەت هەنـدێ لـە ڕیکلامــە پروپاگەندەییــەکان، دەکـرێ بابــەتێکی سەرنجڕاکێش بۆ ڕۆژنامەنووس وێنا بکات.

### ٢- جۆرەکانی بابەت:

لەبنەڕەتدا هەر وتارنوسێك بەدەوری ئەو بیرۆکانەدا دەخولێتەوە کە لەگەڵ پەخشانو رۆحییەتی ئەودا، سازگار بێت.

هەرچەندە بیرۆکەکان بەپێی خزمەتگوزارییەکانی بلاوکراوەیەك، دەتوانرێ بۆ سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتیو... پۆلێن بکرێت، بەلام بۆ قەلەمەنوێیەکان پۆلێنبەندییەکیتری وەك ئەم سێ پۆلێنەی خوارەوە؛ ڕێگاخۆشکەر دەبێت.

**ا: بابەتە بابەتیو گشتییەکان**: ئەم بابەتانە بریتین لە تەواوی بیرۆکە سیاسی، ئابوری، هونەریو ڕووناکبیرییەکان کە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەلگا پەیوەندیان پێیەوە هەیە وەك: ترافیك.

**ب: بابەتی خودیو ئالۆز**: بریتین لەو بابەتانەی کە ماددیو بەرجەستە نینو هەرکەسەی تێگەیشتنێکی تایبەتیانەی بۆی هەیە وەك: جوامێری، ئیرەیی...

**ج: خستنەڕووی کەسایەتییەك**: هەندێ کات بابەتی وتارێك، بەدەوری کەسایەتی تاکەکەسێکی وەك وەرزشکارێکدا دەخولێتەوە.

### ٣:هەڵسەنگاندنی بابەتی وتارەکە:

بەرلەنوسینی وتارێك، پێویستە بیرۆکەکەی بەدروستی هەڵبسەنگێندرێتو شێوەی کاریگەریدانان، سەرنجڕاکێشبوونو ئاستی حەزوئارەزووی خوێنەران؛ بخرێتە ژێر سەرنجەوە.

ئەگەر واپێشبینی بکەیت وتارەکەی تۆ ڕووبەڕووی پێشوازییەکی گشتی خوێنەران نابێتەوە، مەینووسە.

لەڕاستیدا ئەگەر پێتوایە وتەیەکت بۆ وتنو پەیامێکت بۆ گەیاندن نییە، هیچکات دەست بۆ پێنووس مەبە.

لەبنەڕەتدا ئامادەکردنی وتار، کاتێك دەبێتە گرفت کە بابەتێکی زۆرت بۆ وتن؛ نەبێت.

### ٤- ختنەڕووی گشتیانەی وتار:

لەتێڕوانینی منەوە، لێکچوونێکی زۆر لەنێوان چیرۆکنوسینو وتارنوسیندا هەیە. لەبەرئەم هۆیە بەرلەهەرشتێك، واباشترە ئاماژەیەکی پوخت بۆ شێوازی فێربوونی چیرۆکنوسین بکەین.

***شێوازی چیرۆکنوسین:**

**ا: بابەت:** سەرەتا پێویستە بابەتی چیرۆکەکە، ڕوون بێت. بابەت دەکرێ بەسەرنجدان لە ژینگەی دەوروبەرو بیرەوەرییەکان، پەیدا بکرێت.

بابەت بەپێچەوانەوەی (پەیام)ەوە، بەدوای ڕەتکردنەوە یا سەلماندنی بیروباوەڕ یا تیۆرێکدا ناگەڕێت.

**ب: پەیام:** دوای هەڵبژاردنی بابەت، پێویستە تێڕوانینی نوسەر ڕوون بێت.

تێڕوانینی نوسەر دەربارەی بابەتی چیرۆکەکە، پێیدەوترێت پەیام کە تەواوی بەش و ڕەگەزەکانی چیرۆکەکە، پێویستە لەخزمەت ئەم پەیامەدا بێت.

**ج: خستنەڕوو:** خستنەڕوو ستراکتورو چوارچێوەی بنچینەیی چیرۆکەکەیە، کە پێویستە بەرلەنوسینی چیرۆکەکە ئامادەبکرێت.

لەخستنەڕوودا، پێویستە خاڵی دەستپێك، لاشەو کۆتایی چیرۆکەکە بەتەواوەتی ڕوون و دیار بێت. هەروەها لەخستنەڕوودا پێویستە هەر کارو ڕووداوێك، فاکتەرێکی تەواو ڕوون و ڕەهای هەبێت و تیایدا کەسایەتییەکی بنچینەیی، ڕووداوی

بنچینەیی، کاتو شوێنی چیرۆکەکە دەستنیشان بکرێت.

**د:ناوی چیرۆکەکە:** ناوی چیرۆك پێویستە سەرنجڕاکێشو خۆش بێت، بەڵام نەخشەی چیرۆکەکە ئاشکرا نەکات.

**ه: بایەخدانی چیرۆکەکە:** بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە

١-بایەخدان بەکەسایەتی لەچیرۆکەکەدا: بایەخدان بەکەسایەتی، دەبێ بریتی بێت لە بایەخدان بەتایبەتمەندییە ڕووخساریو ئیتیکییەکان کە لەڕێگەی ڕاستەوخۆوە: ( بۆنمونە یەکێك لە کەسایەتییەکان یان نوسەر)و یاخود ناڕاستەوخۆ (بەمشتومڕو گفتوگۆ) ئەنجام بدرێت.

٢-بایەخدان بەکات لەچیرۆکەکەدا: کات لەچیرۆکەکەدا، تەنها ئەو ساتانە ناودەهێنرێت کە ڕووداوێکی تایبەتی لەوکاتەدا ڕووی دابێت.

٣-پێناسی چیرۆك: پێناسی چیرۆکەکە، بەهەردوو شێوەی کەسی یەکەمو کەسی سێیەمە.

***شێوازی وتارنوسین**

هەروەك چیرۆكنوسین، تۆ پێویستە نەخشەیەكی گشتیو پوختەكراوی وتارەكە ئامادە بكەیت كە تیایدا دەستپێكی وتار، دەقی وتارو كۆتاییەكەی دەستنیشان كرابێت.

لەنەخشەی گشتی وتارەكەدا، هەڵبژاردنی خاڵە گرنگەكانو هەروا ئامادەكردنی لیستێك لەوەی كە دەتەوێت بینوسیت؛ یەكێك لەمیتۆدەكانە.

**٥- ناوی وتار:**

هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە ناوی وتارەكە چەندینجار بگۆڕدرێت، بەڵام هەڵبژاردنی ناوی وتارەكە لەسەرەتاداو بەرلە نوسین، هاوكاری تۆ دەكات بۆ نوسینی وتارەكە. ناوی وتارەكە پێویستە لەخۆگری پەیامەكەی ئەو وتارە بێت، بەڵام بەجۆرێك بێت كە دەرئەنجامو تێڕوانینی نوسەرەكە دەربارەی بابەتەكە ئاشكرا نەكات.

**٦- كۆكردنەوەی زانیارییەكان:**

ئامارو زانیارییە دیكۆمێنتدارییەكان، دۆڵەمەندییەكی زیاتر بەوتارەكەی تۆ دەبەخشێت.

بەتایبەتی ئەگەر مەبەستی نوسینی وتارێکی بەدواداچوونیانە یا زانستیت هەبێت.

لەبنەڕەتدا یەکێك لەڕەمزەکانی سەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسێك، بوونی ئارشیفێکی تایبەتییە لەتەواوی بابەتە پەیوەندیدارەکانی ئینتماتەوە وەك: ئامارەکان، بڕدراوی ڕۆژنامە، کتێبە زانستییەکان، ڕیکلامە پڕوپاگەندەییەکانو..هتد. هەموو ئەمانە دەتوانن ڕۆژێك ببنە گۆچانی دەستی وتارنوسێکی لێهاتوو.

بۆ نمونە ئەگەر دەتەوێت وتارێك دەربارەی بارودۆخی چاپەمەنی لەکوردستاندا بنوسیت، پێویستە لایەنی کەم ژمارەی بڵاوکراوەو تیراژی چاپەکانیان، بەشێوەیەکی دیکۆمێنتدارانە بزانیت.

**٧: دەستپێکردنی وتار:**

دەستپێکردنی وتار بۆ نمونە (لید لەهەواڵدا) دەکرێ سادە، ڕاستەوخۆ و هەواڵیانە بێتو دەتوانرێ بەشێوەی گواستنەوەی وتە، پەندو وتە، شیعرو یا وەسفیانە بێت.

وتارنوسە لێهاتووەکان، گرنگی بە دەستپێك یا سەرەتای وتارەکە دەدەن. لەبەرئەوەی کە پێشەکی

لــەوتاردا لەڕاســتیدا ڕووخســاری دەرەوەیــەتی. ڕووخســاری دەرەوەی کــە لەگــەڵ کێشــکردنی ڕاوتێڕوانینـی خوێنـەردا بـۆ خوێندنـەوەی وتارەکـە، خاوەنی خاڵی نوێو تازە بێت.

لەنوسینی پێشەکییەکی باشدا، ئـەم تەکنیکانـەی خوارەوە هاوکاری وتارنوس دەکات. هەرچەندە زەینی بـەربلاوی مـرۆڤ، داهێنانکـاریو چـێژو سروشـتی نوسەر دەتوانێ ژمارەیەکی بێشوماری ئـەم میتۆدانـە دابهێنێت.

**١- ســادە، ڕاســتەوخۆو هەواڵیانــە:** لـەم جـۆرە پێشــەکییەدا، بابــەت یــا هــەواڵ بــۆ خوێنــەر دەخرێتەڕوو و پاشان بەڕەوتێکی لۆژیکی- شیکاری یا دەرئەنجامگیری وتارەکە؛ کۆتایی دێت.

بۆ نمونە:( لە ١١ی سێپتامبەر بـەملاوە، ئامـادەگی سەربازیی ئەمریکا لەئاسیای ناوەڕاستدا زیـاتر بـووەو ئەم وڵاتە بەتایبـەتی لەئۆزبەکستانو قەرقیزسـتاندا ژمارەیپێگـە سـەربازییەکانی خـۆی زیـاتر کـردووە. لەهەلومــەرجێکی لــەوجۆرەدا، جــۆرج بــوش گەشـتەکانی خـۆی بـۆ ئـەم ناوچـەیە بـەئامانجی بەهێزکردنی ئینتمای دراوسێیەتی دەستپێکردو..).

**ب-گواستنەوەی وتەو وەرگرتنی دەقی هەرزو بیروباوەڕی ئەوانیتر:** لەم جۆرە پێشەکییەدا، نوسەر بەڕستەیەك یا چەند نوسراوێکی بیروباوەڕی ناوداره زانستی، ئەدەبی، ئایینیو...هتد وتارەکەی دەست پێدەکات.

ئەم گواستنەوەی وتەیە، پێویستە پەیوەندیدار بێت بەبابەتی وتارەکەوەو کاریگەربێت بۆ بەهێزکردنی دەبڕینی تێڕوانینەکانی نوسەرو سەرنجڕاکێشییەکی پێویست دروست بکات.

بۆ نمونە:(کاتێك کە میشیل پلاتینی بۆ بینینی دیداری دۆستانەی دوو هەفتەی لەمەوبەری ئەڵمانیا-ئەرجەنتین پێی خستە ستادیۆمی شتوتگارتەوە، ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانی دەورەیان گرتو ڕووبەڕووی پرسیارێکی زیرەکانە بۆوە:چۆن دەڕواننە میشایل بالاك؟.

کاردانەوەی پلاتینی زۆر سادە بوو:( شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەو نازانم). بەڵام لەناکاودا پیاوێکی فەرەنسی بەئومێدبوون بەکەسایەتییە کاریگەردانەرەکەی خۆیەوە هاتەئاراو بەئاماژەیەکی بێوێنە نیشانی دا کە تاچەند بەباشی بالاك

دەناسێت:( هەڵبەتە بالاك هەمان ئەو ئەڵمانیەیە کە دووجار مەیدانی گۆڵەکەی لیڤەرپوڵی کردۆتەوە...).

**ج- پەندو وتە:** دەستپێکردنی وتار دەتوانرێ بەهێنانەوەی پەند، چیرۆكو سەرگوزەشتە بێت.

هەرپەندو چیرۆکێك کە لەسەرەتای وتارەکەدا دەنوسرێت، پێویستە لەگەڵ بابەتو دەقی وتارەکەدا هەماهەنگ بێت.

بۆ نمونە: (دەڵێن ترس برای مەرگە. بەڵام کەس نەیوتووە باوكو دایکی کێیە. باوکی ترس، نەزانییە. تا مرۆڤ دەربارەی کەسێ یا شتێ بێئاگا نەبێت، لێی ناترسێت...هتد).

**د- شیعر:** هێنانەوەی چوارینە، بەیت یان چەند بەیتێکی شاعیرانی ڕابردوو و ئێستا لەسەرەتای وتارەکەدا، دەتوانێ هاوکاری سەرنجڕاکێشییەتی وتارەکە بکات. هەڵبەتە سەرەڕای سەرەتای وتارەکە، لەناو دەقی وتارەکەشدا دەتوانرێ بۆ بەهێزکردنی دەلالەتو تێڕوانینە پێشکەش کراوەکە، شیعرو وتەو چیرۆكو سەرگوزەشتە بهێنرێتەوە.

**ه- وەسفی:** وتارنووسێك کە پێنوسەکەی خاوەنی هێزێکی خەیاڵاویو شیکارییە، بەشێوەیەکی گشتی

میتـۆدێکی لەوشـێوەیە بـۆ دەسـتپێکردنی وتارەکـەی بــەکاردەهێنێت. ئـــەم میتـــۆدە بـــۆ وەســـفکردنی ڕاسـتییەك یـا بـواردانو خستنەبەرچاوی بابـەتێكو ڕاکێشکردنی خوێنەر بۆی، بەکاردەهێنرێت.

بـۆ نمونـە[٨]:( ئـەو چەرمەسـەرییەی کـە هەنوکـە عیراقـی تیادایـە، چەرمەسـەری ئـاوارەیی کوردەکـانی عیراق نییە لـەباکورو خۆرهـەڵاتی سـنورەکانی عـیراق لەگەڵ تورکیـاو ئیرانـدا، بـەڵکو چەرمەسـەرییەکە بـۆ خـودی ڕژێمـی عـیراق لەبەغـداد.) "سەرچـاوە: مجلـە **وطن العربی** ١٩٩١".

نمونەیـەکیتر:(ژان مـاری لـۆپن لەسـەر بـاڵکۆنی ماڵەکەیـەوە لەناوچـەی دۆڵەمەندنشـینی سـان کلـود، دیمەنێکی دڵڕفێنی پاریسی لەبەرچاودایە کە بـورجی ئـــیڤڵ، مـــۆن پارانـــایو کلێســـای گـــەورەی شـــاری لەبەردەمدایە.)

### ٨: دەقی وتارەکە:

نوسـەر پێویسـتە بەرلەنوسـینی دەقـی وتارەکـە، لیســـتێك لـــەو شـــتەی دەیـــەوێت بینوســـێت: (وەك

[٨]– ئەم نمونەیە هی خودی نوسەرە (و–ك).

زانیـاری دەربـارەی بابەتەکـە، پێشـینەی بابەتەکـە، بەڵگەهێنانــەوەکانی خـۆی دەربـارەی بابەتەکـە کـە بـەهاوکاری سەرچـاوە نوسـراو و نەنوسـراوەکان وەك تێڕوانینـی ئـەوانیتر کـە پتـەوی دەکـەن، پـەیامو ئەنجام) ئامادە بکات.

هەڵبەتــە پێویســتە ئــەوە وەبیربهێنرێتــەوە، ڕێکخستنی ئـەم لیستی بابەتانـە بەتـەواوی بەسـتراوە بە نوسینو بابەتی وتارەکەوە.

ڕەنگــە پێشــینەی بابەتەکــە دوای باســکردنی ئامانجەکـە بێـت یـا لـەکۆتایی وتارەکـەدا، تەنانـەت ئــەنجامگیری دەکــرێ دوای دەســتپێکردنی وتارەکــە بنوسرێتو پاشان بۆ پتەوکردنی؛ بەڵگەبهێنرێتەوە.

## کتێبە چاپکراوەکانی تری وەرگێڕ

★ئاشنابوون بەدیموکراسی، نوسینی: د.عەباسعەلی سەحافیان ٢٠٠٣

★کورد لەیادداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤلێتدا، خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٣

★مافەکانی ژن لەدەستپێکەوە تائەمڕۆ، نوسینی: نای. بن. سەعدون. خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٤

★ دۆزی کورد. نوسینی: د. جویس بلو، چاپوپەخشی سەردەم ٢٠٠٤